
93/94

## پرسه و سەرەخۆشیی ژمارەیەك نووسەر و هونەرمەند و رۆژنامەنووسی دووره وڵات

هەواڵی کۆچی دوایی شمشاڵژەنی ئەفسانەیی کورد و هونەرمەندی نەتەوەیی، قادر عەبدوڵلازاده ناسراو به قالەمەڕە، سەرجەم خەڵکی کوردستان و بە تایبەت هونەرمەندانی تازیەبار کرد.
قالەمەڕە که دەیان هەوا و ئاوازی بەیت و حەیران و بەسته و مەقامی کۆن و رەسەنی کوردی له سینگدا پاراست و گواستییەوه بۆ نەوەکانی پاش خۆی، هاوکات یادگارییەکی به نرخی کۆماری کوردستان و شۆڕشه یەك لەدوای یەکەکانی کوردی رۆژهەڵات بوو.
مێژووی ژیانی قالەمەڕە لە لایەك مێژوویەکی دەوڵەمەند به هونەر بوو که پشتی به هەناسه و پەنجەیەکی ئەفسانەیی دەبەست و چیرۆکەکانی دڵداری و حەماسه و جوامێری و بەسته و هەوای گۆرانی و سرودی شۆڕشی دەخوێندەوه و له لایەکی ترەوه مێژوویەك بوو له خەبات و شۆڕش و تەسلیم نەبوون له پێناو مافەکانی نەتەوەیەکی بەش خوراو وڵاتێکی داگیرکراو. ئەوانەش هەموو ئەوەمان پێدەسەلمێنن که مامه قالەی شمشاڵژەن کوڕی گەل و نیشتمانی خۆی بوو. بۆ نەتەوەکەی و له ناو خەڵکەکەی دا ژیا و هەر بۆ ئەوان شمشاڵ ژەنی و هەر له ناو خەڵکەکەشی دا کۆچی دوایی کرد.
ئێمەش وەك ژمارەیەك نووسەر و هونەرمەند و رۆژنامەنووسی دووره وڵات پرسه و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی سەرجەم نەتەوەی کورد و خەڵکی بۆکان و بنەماڵەی مامه قاله دەکەین..
رۆحی شاد بێت:

ئەنوەر سوڵتانی
حەسەن ئەیوب زاده
ح. س. سۆران
برایم فەڕشی
رەحیم بەهرام زاده
کامران ئەمین ئاوه
ئیسماعیل ئیسماعیل زاده
حەسەن دەرزی
تاهیر خەلیلی
محەمەد رۆستەم زاده (نامۆ)
کامیل نەجاری
عەتا جەمالی
جەماڵ نەجاڕی
ئاسۆ مام زاده
عەبدولخالق یەعقوبی
حەمیده یوسفی
سولەیمان چوکەڵی
نادر فەتحی

**هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی شمشاڵ ژەنی کورد قالەمەڕە:**

بۆکان

شەوی پێنجشەممە لە سەر هەینی رێکەوتی 22/5/2009 سەعات 22:15دەقە بە کاتی کوردستان دڵەگەورەکەی شمشاڵژەنی ئەفسانەیی کورد لە لێدان دەکەوێ و بۆ هەمیشە ماڵئاویی لە زێد و نیشتیمانەکەی دەکا.

لە لایەن گەلی بۆکانەوە وا بڕیارە ئەمڕۆ هەینی سەعات 5 بە کاتی بۆکان لە مزگەوتی گەورەی شارەوە پاش ماڵئاویی کردنی لە کوچە و شەقامە سەرەکییەکانی زێدەکەی لە سەر وەسێتی خۆی لە داوێنی ناڵەشکێنە، لە پەنا گۆڕی هونەرمەندی مەزن حەسەن زیرەک بە دایکی نیشتمان بسپێردرێ . وا بڕیاریشە کە رۆژانی شەممە و
یەکشەممە( 23 (24/5/2009 - لە مزگەوتی گەورەی بۆکان پرسەی بۆ دابنرێ

**سەرکەوتن**
بۆ قالەمەڕە

ناسری حیسامی

بەسەرچوو کە دڵی قامیشێک بشکێنی
لە نەیزار بیهێنی لە شار بیگرێینی

لەوشوینەی سکاڵا هەزاری بە پووڵێک
بێیەوە شەقام و دەنگی خۆت هەڵبێنی

بە گەرووی لێواولێو لە بەیتی فرمێسک
هێندە ئەو پەنجانەت بێناز هەڵپەڕێنی

کە داد و کە ناوبانگ لێت چووبووە قوڵەی قاف
تۆ ئاوا دڵتەزێن بەشی خۆت بستێنی

بە هەودای هەوایەک لەو شاخە سەرکەوی
لەوێوە جیهانی دەرد و ژان بدوێنی

دەستێکت لە شمشاڵ بیزێوی و، بە دەستێک
باوەشت لە کێوی محاڵات وەربێنی

090524

به ناوی کوردستانی گەورە .
ح.س.سۆران .
soransa@hotmail.com

تاران - 2709 /3/2

## مامە قالە، بە شمشاڵەکەی، سێ وانەی وت

مامە قالە ، بە ناوبانگ بە ماموەستا قالە مەڕە ، شمشال ژەنی مەزنی رەبەن ، کە پێرێکە لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کرد و ماڵەکەی گوێزاوە و بو بە هاوسێی ماموەستا حەسەن زیرەک ، بە کردار ، وتار و هەڵوێستی خۆی ، بە لای کەمەوە ، سێ وانە ( دەرس) ی ، گرنگی بە گەلی کورد وت : من چون هەر لە کاتی زیندویی دا ، نزیکەی بیست ساڵ پێش ، بە هۆی نووسراوەی "تابلۆ موزیکال"ی مامە قالە ، ئەوی لە دڵم دا بوە ، سەبارەت بەو هونەرمەندە مەزنە بێ نازە وتوومە و ئەوەی توانیومە کردوومە ، ئێستا ئیدی بۆ دورەپارێزی لە مردو پەرەستی ، هیچی شتێکی لێ زیاد ناکەم . تەنیا زۆر بە کورتی دەمەوێ بڵێم مامە قالە ، بە لای کەمەوە بە ئێمەی سەلماند کە ، 1) گەلی کورد رێزی دڵسۆز ، خزمەتگوزار و هونەرمەندی خۆی دەزانێ و ئەمە گەورەترین هیوا و شانازیە بۆ هاو کووف و هاو بیرانی مامە قالە ، بۆ درێژە دانی رێگەی پیرۆزیان ؛2 ) لە تەرازوی ئاوەزی گەلی کورد دا ، شوانێکی بە هەڵوێست ، لە سەدان خاوەن پارەی چرووک و بێ کەڵک ، دەستەڵات داری نا دڵسۆز یا روونا ک قیر و فلانی بۆش، قەلاش و بێ هەڵوێست ، زۆر سەنگینترە ؛ 3) مرۆڤی خزمەتگوزار دەتوانێ بەو جێگەیە بگا ، کە هیچ کۆسپێک نەتوانێ هەڵوێستی پێ بگۆڕێ .

لە لایەکی دیکەشەوە ، ئاتاجی و دەستبەتالی زەق و دڵتەزێنی ئەم هونەرمەندنە گەورەیە ، کە خەڵک لە کووچە و کۆڵان ، تمەن تمەن پارەیەن دەهاویشتە سەر داوانیی ، بە شەرمەساتێکی زلە و بێ رێزی بە هونەر دادەنرێ و پێمان دەڵێ ، "بۆ شمشال ژەنێکی پیر و لاواز ، دەتوانێ بە پەنجا میلیۆن کورد هونەری رەسەن ببەخشێ ، بەڵام پەنجا میلیۆن کورد ، نا توانن ژیانی ئاسایی ئەو دابین بکەن ؟؟؟!!!. " لە پاش مردن ، بە شان و باڵ دا هەڵوتن ، وەک کەپەنکی پاش بارانە .

کوردینە ! بڵێی لەمەو دواش هەر وابین ؟

**به ناوی کوردستانی گەورە !**
**ح.س. سۆران**

**مامە قالە (1) :**

## (تابلۆمووزیکال)

• - مامە قالە ! ئەی دەروێش عەبدوڵڵای سۆران ، شمشاڵ ژەنی مەزنی رەبەن ، رۆڵەی زەمان ؛ دەنگی زەنگی خۆش ئاهەنگ و هەوای شەنگی کۆنی مێژو ، بیرخەرەوەی هەست بزوێنی سەردەمی زو ، پیری دەوران ، ئەی ئاهەنگسازی بە ئاوەز ، ئەی داهێنەری بێ نیشان . هاوڕێ و هاوڕازی سۆزی ساز ، پارێزەری دنیایە راز ، هونەرمەندی شازی بێ ناز ، ئەی ئیلهامی پڕ پەیامی قا م و بەیت و بەستە و ئاواز .

• - ئەی دەوڵەمەندی دەستبەتاڵ ،هەناسەسارد ، پسپۆری لێدانی شمشاڵ ، خۆێندکاری مەکتەبی شوانی و دەشتەوانی ،ئەی قوتابی کێو و چیا و دەشت و دەوەن ، لێدەری شمشاڵی رەسەن ، رۆڵەی شەوێن(2) و بانەمەڕ ، دەزگیرانی پەری جوانی ، چاودێری مەڕ ، وەستای ئیشی پەز و کار و بەر خەوانی ، تۆ بازی دەوری تەرەغە و چیاکانی موکوریانی .

• - خولقێنەری گەنجی هونەر ! خاوە هونەری گەل پەروەر ، **دۆستی گیانی گیانی دوکتەر**(3)، دەستبەتاڵی خاوەن منداڵ ، ئەی پسپۆری ئاکادێمیا و زانکۆی نەزمی بەزمی شمشاڵ ، مامۆستای شوبێرت و شۆپەن ، مێملی ئۆڕگی یاماها و لۆتی بەرقی و قەمیش و فەن ، رۆڵەی زگماکی ساکاری کۆنە هەواری ئێش و غەم ، پەپوولەی عاشقی کوردان ، سووتاوی تیشکی وشکی شەم ، وێڵی هەواری چۆڵ و هۆڵ و دەشت وچەم ، نانەوچنی نانی شوانی و مەڕرۆیی کاتی بەیانی ، پاکت ئەنجام دا پڕ بە دڵ ، لە هەوڵ و کار قەت نەتکرد سڵ ، رۆڵەی شاخ و داخ و بەرد بوی ، شوانی مەڕ و مەردی هەرد بوی .

• - مامە قالە !بە سۆزی دەنگی شمشاڵت ، بە قامکی پڕ خەیاڵت ،بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو ، بمبەرەوە بەرەو مێژوی سەردەمی زو...

• - سۆزی لۆرەی شمشاڵەکەت ، هێزی هەستی شنەی مەستی جامی خەستی خەیاڵەکەت ،کزەی ئامێرە زاڵەکەت ،دڵبزوێنە و تۆشەی دڵە ، رامکەری مرۆڤی سڵە ، دەنگی هەزاری سەر چڵە . ئەو لاوژە و بەستە و حەیرانە ،بیرخەرەوەی کاتی زوە ، پەرەی دیرۆکی زیندوە ، هی دەورەی بوداق سوڵتانە ، کە سەرداری موکوریانە ،خاوەنی قۆشەی کوردانەی زەربی (4) خاکی کوردستانە ،سروەی باسەری ئێوارەی دەشتی چۆمی مەجید خان و بناری چۆمی لاوێن و هەواری کۆنەلاجانە ، شەماڵی دەشتی شامات و نەسیمی گوندی دریازو شەقەی ماچی کچی کۆڵانی ماچانە(5) ، شەقامی کۆنی مێژویی هەرێمی شاری وێرانە (6) ، قەڵای سەربەرزی سەردارە ، کە بووکی شاری بووکانە(7) ، کە شاری کاکە سۆرانە ، خورەی ئاوی شین و ئاویی کەناری تاقگەیی کرژی هەرێمی کەسکی شەڵماشە ، خوڕینی چۆمی کەڵوێیە و تەوژمی گادەری پەنگی خوڕ و پانە ،

وەبیر هێنی شاری سنه و ئەمیرانی ئەردەڵان و قەسری کۆنی پاڵەنگان و زرێبارو قەڵای کۆنی مەریوانە ، وەسفی کێوی ئاویەری بووکی شەنگی کوردستانە ، ئاورە سوورەکەی زەردەشتە ، کە رۆڵەی شازی سەردەشتە ، مێژووی شاری چوارچرایەو و مەدحی پێشەوای پێشینە ، کە خۆشەویستی خەڵکیە و سەرۆک کۆماری کوردانە .

• - مامە قالە !بە سۆزی دەنگی شمشاڵت ، بە قامکی پڕ خەیاڵت ،بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو ، بمبەرەوە بەرەو مێژووی سەردەمی زو .

• - ئەو شمشاڵە هەست بزوێنە ، خەم رەوێنە ، ناڵەی ئەشعاری ناڵیە ، تۆزی رێگەی شارەزوری هۆنەرێکی رێگەدوورە ، وەڵامی نامەی سالم و داری پیری پیرمەسوورە ، سنووری چۆمی خاپوورە ،هێند حەزنیە ، خەزێنە و کانی ئەسرینە ،سەبوونی دەشتی هەولێر و گەرمای گەرمی گەرمیانە ، شەختەی کوێستانی قەندیلە ،قیبلەی قنجی کوردستانە ،بە وێنەی بەیتی دمدمە و هەستی نەرمی مەموزینە . تەزبێحی میری لالەشە ، کتێبی مەسحەفا رەشە(8) ، حەسێنەری رۆح و مێشک ومرخ و بیر و لەشە ، قەڵای کۆنی شاری دێرین ، هەولێر پێتەختی خوێن شیرین ، ماڵی ئێستای کوردە ژنە ، کە ژاندارکی کوردستانە ، جێگەی شانازی هەموانە .

• - ئەو شمشاڵەت، ئەو ئامێرە پڕ لە ناڵەت ، رامدەچەنێ ،مێژووی کوردم وەبیردێنێ ، لە ئوقیانووسی خەیاڵدا ، لە نێو گۆلاوی هەواڵ دا ، دەمباتە بەرزایی بەرزان ، زێد و دروشمی چازانی ، شێخ سەلام و شێخ ئەحمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی ؛ دەمباتەو سولەیمانی و شاری کۆنە ، شاری گەورەی مەلیک مەحموودی تاقانە ، شاری شێعر و هەست و هونەر، مینگەی هۆنە ، دەمباتە سەرگردی یارە - گۆیژە و ئەزمەر لەوێ دیارە -، دەمباتەوە گردی سەیوان ، گڵکۆی مرۆڤی خاوەن بیر ، مەکۆی هونەرمەند و هۆزان ،جێی شانازی هۆزی کوردان ، قەبرستانی شەهیدەکان ، شەهیدەکانی کوردستان ،کوردستانی گەورەی سۆران .

• - شنەی دەنگی هەستی پەنجەت، وەبیر هێنی قەڵپەزەی چۆمی سیروانە ،بەرجەوەندی کێوی هۆرگە(9) و دوندی تەتەو و شاخ و داخی پڕ لە باخی ناوچەی هەورام و گۆرانە ، خۆڕەی تاڤگەی کرژی بڵ و ماریفەتو پیر شالیاری پیری تەختە ، قسەی حەققی سەرەنجامی(10) سووڵتان ساهاکی دێرینی پەیام هێنی دڵۆڤانە ،تیشکی ئاتەشگەی لەمێژی کێوی شاهۆی کن پاویە و بەرگی مێژوی بەردەنووسی هەرێمی گوندی هەجیج و سانەکانی هەورامانە ، کە کان و کانی سانانە .

• - مامە قالە !بە سۆزی دەنگی شمشاڵت ، بە قامکی پڕ خەیاڵت ،بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو ، بمبەرەوە بەرەو مێژووی سەردەمی زو...

• - دەنگی خۆشی شمشاڵەکەت ، هەستی سروەی شنەی نەرمی گۆمی وانە -کە هی ئێمە و بە دەست وانە - دەقی مێژووی شەرەفخانە ،شۆڕشەکەی ئاراڕات و ئاگریداغی ئیحسانی نووری قارەمانە . منارەی مزگەوتی نەمرووت ، چیرۆکی ناوچەی جزیر و دەشتی سەوزی بادینانە ، گوڵی باژێڕی بۆتانە . زریانی کاتی ئێوارەی کەڵەشارەکەی ئامێدە و بزاڤی مەزنی فەرهەنگی بنەماڵی بەدرخانە ، خەباتی دادەلەیلایە و گرتوخانەی ئێمرەلیە ، جێگەی ئاپۆی دڵۆڤانە ، شۆڕشی شێخ عوبەیدیلا و شێخ سەعیدی میری پیری پیرانە .

• - به هۆی دەنگت، به هۆی پەنجەی داهێنەری شەنگت ،دەمبەیتەوە باڵەخانەی کۆنی مێژوی کاتی پێشو ، دەچمەوە کێوی بێستوون ، قەڵای فەرهاد، پاڵەوانی کوردی ناشادی رەنج بەباد ، تاقی تاقوەستان ئەبینم ،شاری کرماشانی مەزن ، قەلبی کوردستانی گەورە ، شانازی سۆران ئەبینم ، کتێبی فەرهاد و شیرین ،" هەرچەن مەواتان " ئە خوێنم ، هۆنراوەی شاعیری نەمر ، خانای قوبادی بیرەوان ، رۆڵەی دڵۆڤان ئەخوێنم . دەمبەیەوە کووچەکانی شاری دێرینەی دینەوەر ، سەدان کەسی خاوەن بیر و مرۆڤی چاژان ئەبینم ، دەچمەوە عیلامی (11)پێشو ، لە مەیدانی شاری ئیلام ، پەیکەری شاعیری نەمر ،غوڵامرەزاخان ئەبینم ، شاکە و مەسوورخان ئەبینم ، عێلی گەورەی بەختیاری و کەڵوڕ و لەک ، مرۆڤی دڵپاکی رەبەن ، خەڵکی لوڕستان ئەبینم .

• - سۆزەی دەنگی شمشاڵی تو ، قامیشی نێو بە تاڵی تۆ ، مێژوی شاری قامیشلیە و دیرۆکی کۆنی عەفرینە ، یادی کرمانجی ئیزەدی و گۆلی سێوان و لاچینە ،باسی شیروان و قووچانی خوراسانە ، پەیامی شاری جابانە12) ).

• - ناڵەی شمشاڵی شەنگی تۆ ، کزەی دەروونی تەنگی تۆ ، دەنگی کۆنی پەری ژینە ، فۆلکۆرە، کەلەپوورە ، قسەی لاس و سیامەندە و باسی بەیتی مەم و زینە ، قەتاری عەلی مەردانە و سەحەری دەنگی سێوەیە و پێزی هێزو مایەی ژینە ، سروودی بەزەو ئەوینە ، دژی کێشە و زوڵم و رق و قینە .

• مامە قالە !بە سۆزی دەنگی شمشاڵت ، بە قامکی پڕ خەیاڵت ،بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو ، بمبەرەوە بەرەو مێژوی سەردەمی زو...

• - دەنگی لۆرەی ئەو شمشاڵەت ، هۆرە و سیاچەمانەیە ، تراژێدیای ساڵ و قەڕن و بانگەوازی زەمانەیە ، باڵۆرەی حوزنی حەیرانی جانانەیە ، شینی دایکی شەهیدانی کوردستانە ، ناڵەی زامی ساردەوە بوی پێشمەرگەیە، کە گیانفیدا و قارەمانە ، زمانی حاڵی هەژارە ، بۆڵەی مرۆڤی بێکارە ، ئاهوناڵەی برسیان و ئاواران و بێ ماڵانە ، سروودێکی راستەوخۆیە ، دژ بە ئەنفال و حەڵەبجەو بە سەردەشت و دارەلەک و قەڵاتانە .

• مامە قالە ! قاڵە مەڕە ! هەر ئەوندە !

مانای بڕێک لە وشەکان :

(1) مامە قالە = ماموەستا قالە مەڕە ، شمشاڵ ژەنی ناسراوی کورد . (2) شەوێن = شەو لەوەڕی ران . (3) **دوکتەر = دوکتور ...** ( 4) زەرب ( زەربی قۆشە و سکە ) . (5) کۆڵانی ماچان = جێگەیەکە لای خانێ . (6) شاری وێران = شاروێرانی موکوریان . (7) بووکان = بۆکان . (8) مەسحفا رەش = کتێبی پیرۆزی ئایینی هاو خوێنە ئیزەدیەکان . (9) هەرگە یا وڕگە – کێوێکی رماوە سەیرە ، لە فەراغی چۆمی سیروان . ( 10 ) سەرەنجام = کتێبی ئایینی هاو خوێنە ئەهلی حەقەکان . (11) عیلام = وڵاتی کۆنی عیلام . (12) جابان = شارێکی کورد نشینی لای تاران .



هۆپیری به ساڵا چووی بەمەن          هۆ شمشاڵ لە ژینتا بوو بە ژەمەن
گیانە گەلێك بەرزی لە سەر سەری          داخەكەم لە شمشاڵ بێ خەبەری
زمان ناتوانی دەربڕینی هەستی دەرون بەرابەر بە سێحری شمشاڵی قالە مەڕەی نییە، دڵ پڕە كوڵ، دیك چەمەی چەمی هاوردەن وەجوش،
موتریب بەونغمەی شانازیتەوە          یا بە پەردەی پاك حیجازیتەوە
بە بۆنەی كۆستی ژاناوی باوكی شمشاڵی كورد پرسە و سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی بنەماڵە و سەرجەم هونەرمەندان و خەڵكی بە ئەمەكی شاری بۆكان دەكەم، هیوادارم قەبرەكەی بەقەد بەرزی خۆی برازێننەوە.

جلال هانیسی

# نوای سحرآمیز شمشاڵ(1)

## بمناسبت درگذشت هنرمند نامی کرد" قادر عبدالله زاده"

دکتر کامران امین آوه

سکوت سنگینی فضای کافه آذری، محل تجمع جوانان و روشنفکران شهر بوکان را در خود گرفته، همه غرق در افکار خود بودند. نگاه‌های مایوس و چهره‌های در هم رفته حاکی از دردی بود که بر قلب شان سنگینی می کرد. کسی را یارای سخن گفتن، شوخی و مزاحهای همیشگی نبود. حلقه‌های خاکستری دود سیگار در حال رقص بودند و چشمان بی نور و نـاامید جوانان نشان از داد از بی دادی فشار سنگین جو سرکوب و اختناق سپاهیان اسلامی را داشت که با ورود خود به سرزمین کردستان خیال فتح کانون کفر و شرک را در سر می پروراندند. تازه رسیده‌هایی که می بایست با اتکا به سلاح و زنجیر پیام جهاد امامشان را به مردم کرد رسانده، با از دم تیغ گذراندن پیر و جوان تخم ترس، یاس و ناامیدی را در دل آنها بکارند.

درمیان دود و بوی سیگار، پیر مردی با سبیلی پر پشت، ته ریش جوگندمی و کمری نیمه خمیده راه خود را برای رسیدن به کنجی در کافه باز میکرد. به آرامی پشت میزی نشست و نگاهی به اطراف خود انداخت. فضای سنگین کافه را با تمام وجود احساس میکرد، این جوانان اولین بار بود که چنین جوی را تجربه میکردند، اما سینه او مالامال از خاطرات غم انگیز گذشته بود. او در قلب خود هنوز سنگینی شکست جمهوری کردستان و اعدام پیشوا قاضی محمد و یارانش را احساس می کرد، هنوز زخم از دست دادن سلیمان معینی، اسماعیل شریفزاده، احمد شلماشی و محمود زنگنه التیام نیافته نبود, دگر بار می بایست شاهد از دست دادن فرزندانی دیگر این آب و خاک از سوی وارثان تاج و تخت در زیر بیرق سبز اسلام باشد. اما او را سر آشتی با دشمن نبود، از خفت و یاس بیزار بود.

می بایست به آینده امیدوار بود، تا زمانی که در این سرزمین مادرانی هستند که عزیز یوسفی ها را در دامن خود بپرورانند، تا زمانی که فرزندان این آب و خاک آتش سرخ مبارزه را در بلندترین ارتفاعات کردستان شعله‌ور نگه می دارند باید به آینده امیدوار بود. پیرمرد باز نیم نگاهی به اطراف خود انداخت و به آرامی شمشاڵ خود را از لابلایی دستمالی که به دور آن پیچیده شده بود در آورد. گلویی تازه کرد و به آرامی شمشاڵ را به صدا در آورد. نوایی سحر آمیز که می خواست پیام آور امید باشد، می خواست فریاد بکشد و برق شادی در چشمان و نور امید در دلها بتاباند. شمشاڵ او داشت با آهنگی دیگر سخن می گفت. او که قبلا تبحر شگفت انگیز خود را در بازخوانی ملودیهای سنتی کردی و حتی آیات قرآنی با شمشال به نمایش گذاشته بود، این بار با اجرای سرود ملی کرد می بایست آنرا به نقطه اوج خود برساند:

ای دشمن، قوم کرد هنوز پاینده و پابرجاست
خالق هیچ سلاحی قادر به شکست او نیست
کسی نگوید کرد مرده است، کرد زنده است
زنده است و پرچمش همواه برافراشته خواهد ماند

با هر صدائی که از شمشاڵ بیرون می آمد تمام سلولهای بدن شنوندگان به رقص در میآمد، خونی تازه در عروق و روحی تازه در وجودشان می دمید. او با شمشاڵ خود فرداهای بهتری را نوید میداد. گویی شمشاڵ او بانگ بر میآورد :

دانید که زخم اسیری چه سخت است و گران
باید که بر خیزیم تا درآئیم به زمره رستگاران
تا کی اشک خونین دختر کرد برادر کشته
گردد در قدح باده بزم مستانه دشمنان
یخبندان بیدادی گرچه سخت است و دشوار
چو روز بر من است عیان، آید بهار از پس زمستان
داده نشان به همه عالم، تاریخ آزادی
فرودست گردد ستمگر در مقابل رزمندگان
هێمن شاعر ملی کرد (3)
برگردان از کردی: علی محمدی

نوای سحر آمیز و دلنشین شمشاڵ براتراز سلاح دشمن بود و فضای یخ و بی روح کافه را کاملا دگرگون کرد، به مهمانان آن امید و نیرویی تازه بخشید، نیرویی که می بایست به نیرویی بالفعل تبدیل شده، جوانان را به سوی فردایی روشن وآزاد فراخواند. فردایی که رسیدن به آن بی شک نیاز به فداکاری، تحمل رنجها، دردها، بردباری و گذشتن از پستی و بلندیهای بسیار دارد.

***استاد قادرعبدالله زاده*** ملقب به " قاله مەڕه" در اول دی ماه سال 1304 شمسی در روستای کولیجه از توابع شهر بوکان به دنیا آمد. او در همان اوان کودکی با از دست دادن والدینش یتیم شده، زندگی اش دستخوش ناملایمات و دشواریهای بسیاری برای تامین معاش روزانه شد. در 11 سالگی شروع به نواختن شمشاڵ کرد و هیچگاه شمشاڵ فلزی و زرد رنگش را برای لحظەیی از خود دور نکرد. شمشاڵ او تنها وسیلەیی برای تفریح و گذراندن اوقات فراغت نبود، چرا که با نواختن آن در کوچه و پس کوچەهای شهر، کافەها و اماکن تفریحی و پر رفت و آمد می بایست گوشەیی از خرج زندگی خود را تامین کند. شاید اگر چرخ گردون زندگی او را در سرزمین دیگری رقم می زد سرنوشت او شکل دیگری به خودمی گرفت، اما او می بایست در حالی که برای در آوردن لقمه نانی به انواع کارها از چوپانی تا کارگری و ... روی می آورد با الهام از سرزمین نیاکان خود و پهلوانان به نام و گمنام کردستان و طبیعت زیبا و وحشی آن زیباترین آهنگهای ملی را خلق کند. سینه او مالامال از درد و تاریخ زنده ملتی است که برای رسیدن به آمالهای خود بهترین فرزندان خود را فدا کرده است و هر تکه سنگی از سرزمین پهناور آن یادآور جانفشانیها و حماسەهای سربازان گمنام آن است.
استاد عبدالله زاده به آهنگ " کانبی" که حکایت از نبرد مردی به نام " کانبی فقه ویس" در جنگ با " احمد خان" یکی از اربابهای مراغه و مرگ تراژیک او دارد عشق بیشتری می ورزید. این از جمله کارهای عرضه شده او در" جشنواره خلق ها " بود که در بهمن ماه سال 1358 از سوی کارگاه هنر ایران وابسته به بخش فرهنگی سازمان چریکهای فدایی خلق ایران در شهرهای بوکان، مهاباد و سنندج برگزار شد. در این جشنواره برای آشنایی مهمانان غیر کرد چند بیتی از آن, از سوی زندەیاد طه پارسا(4) به فارسی ترجمه شده، قبل از اجرای آن با شمشاڵ استاد عبدالله زاده و صدای گرم حمه جان(5) از سوی گرداننده برنامه ـ هنرمند و تئاتریست کرد ابراهیم فرشی قرائت شد:
" کانبی بعد از مبارزات و قهرمانی های زیادی بالاخره در جنگ با احمدخان مراغەیی به قتل میرسد. خبر قتل وی به گوش خواهرش میرسد. در این ماجرا دشمن نمی تواند به اسب کانبی دسترسی

پیدا کند. خواهر اسب را حسابی پروارمینماید تا در جنگ های بعدی بتواند هرچه بیشتر به دشمن ضربه بزند. خواهر کانبی به یاد رشادتها و دلاوریهای برادر بوده که هر بار با غنایم بسیاری که از دشمن می گرفت از جنگ برمی گشت. این که چطور برادر توانسته بود در مقابل احمد خان مراغه‌یی و کریم خان زند مردانه مقاومت کند و حتا آنانرا شکست دهد داستانی است که بهتر است بقیه دلاوریها و ماجرای کانبی را از صدای دلنشین کاک حمه زحمتکش روستایی بشنویم." (6)

استاد عبدالله‌زاده از جمله هنرمندانی بود که هنر خود را در خدمت آرزوها و آرمانهای ملی اش عرضه داشته، در طول زندگی پر فراز و نشیب خود مورد بی مهری نه تنها دشمنان بلکه دوستان نادان نیز قرار گرفت. او در مصاحبه با مترجم و نویسنده توانا و زبر دست کرد، محمد رمضانی می گوید: "اگر من خودم را در خدمت قدرتهای وقت قرار میدادم امروز صاحب همه چیز بودم ..." اما او شمشاڵ و هنر والایش را تنها در خدمت فرهنگ ومردم خود بکار می گیرد تا برای لقمه نانی تن به خفت نداده باشد. درهمان مصاحبه در پیامی به کردهای خارج از کشور می گوید: " به کردایتی خود ادامه دهند، کتابها را به چاپ برسانند ... به امید خدا از این روزگار سیاه نجات خواهیم یافت و انشاالله به دیدار هم شاد خواهیم شد!!"(7) استاد بر این باور بود که با مرگ او صدای شمشاڵ او نیز خاموش خواهد شد. او وصیت کرده است تا پس از مرگش تنها یار و همدم چندین دهه او، شمشاڵش را به موزه شهر هولیر در جنوب کردستان هدیه کنند. استاد عبدالله زاده در 31 اردیبهشت 1388 مصادف با 21 می 2009 در شهر بوکان درگذشت. روانش شاد و یادش گرامی باد.

1. نی

2. ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان   نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان
   کەس نەڵێ کورد مردوە، کورد زیندوە     زیندوە  قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

3. دەزانن زامی دیلی چەند بە ئێش و چەند بە ئازارە!
   دەبێ رابین هەتا ئێمەش دەگەینە ڕێزی سەربەستان
   هەتا کەی ئەشکی خوێنینی کچە کوردی برا کوژراو
   لە جێی بادە و لە بەزمی دوژمنان بدرێتە دەس مەستان
   سەهۆڵبەندانی بیدادی ئەگەرچی تووش و دژوارە
   بەڵام لێم سوورە وەک ڕۆژێ، بەهار هەر دێ لە دووی زستان
   بە خەڵکی عالەمی سەلماندووە تاریخی ئازادی
   دەبێ زاڵم لە بەر تێکۆشەران بەرداتەوە دەستان
   
   هێمن ـ شاعر ملی کرد

4. شادروان طه پارسا یکی از کادرهای با سابقه جنبش چپ و سازمان فدائیان خلق ایران ـ اکثریت بود که پس از تغییر موضع سازمان، در چهارم خرداد ماه 1361 توسط افراد ناشناسی در شهر مهاباد ترور شد. طه پارسا در سال 1328 در خانواده‌یی دهقانی در روستای قلعه رسول سیت از توابع محال آختاچی در 45 کیلومتری شهر بوکان به دنیا آمد. تحصیلات ابتدایی را در زادگاه خود و دوره متوسطه را در شهر میاندوآب به پایان رساند. در سال 1350 از دانشکده زبان و

ادبیات انگلیسی دانشگاه تبریز فارغ التحصیل شد. در سال 1353 بعلت همکاری با گروه آرمان خلق بازداشت شد. در اسفند سال 1355 پس از آزادی از زندان به بوکان بازگشته و تا انقلاب 57 در مدرسه راهنمایی خاقانی مشغول به کار و تدریس زبان انگلیسی شد. او فعالانه در انقلاب بهمن شرکت کرده، پس از پیروزی انقلاب به سازمان چریکهای فدایی خلق ایران پیوست. تا ترور ناهنگامش در مهاباد در فردای فتح خرمشهر، یکی از کادرهای فعال و محبوب سازمان فدائیان و مردم بوکان بود.

5. حمه جان یکی از خوانندگان موسیقی فولکرولیک کردی بود.

6. قاله مه‌ڕه، من و پاییز، برایم فه‌رشی، 27 آذرماه 1387

7. قاله مه‌ڕه، من و پاییز، برایم فه‌رشی،27 آذرماه 1387

## ماڵئاوا، سەردارەکەی ئەم سەردەمەی هونەری شمشاڵ!

ڕەحیم ڕەشیدی
لەگەڵ ئەوەی هەمووان دەس بە دۆعا بووین، ئارامو لەسەرخۆ، بەو سیما پڕ لە ویقارو خەفەت لەخۆگرەتەوە دەست بۆ لاقەبرغەت بەریت، شمشاڵەکەت دەست بدەییەی، بە کوچەو کۆڵانی شارو دەڤەرە بێ نازەکانی نیشتمانی دڵگیرماندا ئارامو لەسەرەخۆ وەکوو جاری جاران بێیتو بچی، ئارەقەی سەر توێڵی ماندووت لادەیت، بە دوور لە چاوی بەدخوازن لە کەلێنکدا وچانێک بگریت، هەناسەی تژی لە حەسرەت، لە گەرووی شمشاڵە ڕەنگ زێڕینەکەت بکەیتو کوڵی دڵ هەڵڕێژی، بە هەناسەی پەنگخواردووت وەکوو پێشوو چیرۆکی پڕ لە مەرگەساتی نەتەوەیەک بهۆنیتەوەو بە دەنگی شمشاڵ، باس لە زامەکانی سەر جەستەی ماندووی نیشتمان بکەی؟!.
چاوەڕێ بووین بێیتەوە، شەورۆژمان دەدایە دەم یەک بۆ ئەوەی تۆ کەلەلاییو کەنەفتی، ناساخیو نەخۆشی لەگەڵ مەلافەوپەتووی سەر جێگاکەت، هەر بە دەنگی پڕ لە هیواو خوزگەی شمشاڵ توورِ دەی، لە سووچێکی قەناعەتدا، چوارمیلکە بدەیتەوەو چاوێک بە دەورووپشتتدا بگێڕی، ئەوندەی یەکو دوو بکەیت، لە چاو تروکاندنێکدا گەنجو پیر، ژنو پیاو، منداڵو مێرمنداڵ لە دەوری هونەرە ڕەسەنەکەت کۆکەیتەوە، تۆ بە سیلەی چاو لێیان بڕوانی، ئەوان بەکۆ لە ئاهەنگی پەنجەکانت ورد ببنەوەو لەگەڵ هەناسەو ئاخو ئۆفی شمشاڵەکەت بە کۆڵانە تەنگەبەرەکانی دیرۆکی نەتەوەیەکدا شۆڕ بنەوە، لاوانی دەستەچیلەی شۆڕشو بەرخۆدان، کچانی نەسرەوتنو کۆڵنەدان، هەڵۆی خەیاڵیان بۆ بەرزترین دوند لە شەقەی باڵ بدا، یان تاوێک ئەسپی زینکراوی دڵ بە خەیاڵ بسپێرن، بۆ ئەوەی چوارناڵ لەم وەرزی سەوزاییو گوڵزارەدا کە تاڤگەکان هاژەی دەنگیان، شنەی شەماڵی چیاودۆڵ، جریوەی بولبول، قومریو پاساری، دەنگی قەناریو قاسپەی کەو لەگەڵ گمەگمی کۆتر تێکەڵ بە ئاهەنگی ڕەسەنی شمشاڵەکەت بن، بەڵکوو مرۆڤو سروشت پێکەوە خۆ بە کەروێشکەی گەنمەجاڕی ئەم کێڵگە بە پیتو زنوێرانە بسپێرن.
هەستەوە، ڕابە، ئەی بە موورادنەگەیشتوو، تۆ کە بە دەنگی بلاوێنی شمشاڵەکەت دڵۆپ دڵۆپ هیواو ئاواتت لەسەر بەرگی حەزو خۆزگەکان دەپرژاندو ناوت سووکو دڵگیر وەکوو ئاوەنگی سەر پەڕی گوڵ وابو چۆن دەلوێ سانا لە بیرمان بچێتەوە...
هەی لێ، هەی لێ، "هێشا زوو بوو وادەی ئەم کۆچە کوا هەبوو".
هەستەوە، گۆڕی تەنگەبەر هەڵتەکێنە، چاو هەڵبڕەو ببینە، پۆل پۆل ئەویندارانی سەربەستی وڵات، بە چەپکە گوڵی وەفاو تاجەگوڵینەی شانازییەوە لێرە بە ریز دەست لەسەر سینگ ڕاوەستاون، سەر هەڵێنە، تاوێکی دیکە هەموو شوێنێک بکەرە کوانوی ئاگردانی گەرموگوڕی ژەنینی شمشاڵ، ئاخر تۆ تریفەی زێڕینی مانگە شەویت لەم بەهاری سەفەرەدا، هونەرەکەت ڕووبارێکە بۆنوبەرامەی بەهارو ئاوەدانی دەبەخشێتەوە، خۆراکێکە نەوسی ڕۆحی ماندووی خەباتکارانی سەربەستی کوێر دەکاتەوە.
ڕابە، ڕابە، چۆن ئێمە خوو بە نەبوونت بگرین، چۆن باوەڕ بێنیین تۆ لە دڵی گەورەی خاکدا ئارامت گرتوەو بۆ هەموو کات چاوت لێکناوە؟
نا، نا، ئێمە چاوەڕێ نەبووین تۆ لە دواین رۆژی مانگی بانەمەڕدا، چاوە پڕ لە هیواکانت بۆ هەمیشە لەسەر یەک دانێیت، دڵ خوازیار نەبوو ترپەی دڵە بێ ئۆقرە خۆشی لە خۆ نەدیوەکەت، تێکەڵ بە بلوێری پڕ لە خوزگەو هیوای ژەنینی جارێکی دیکەی شمشاڵ نەبێتەوە.
هەستەوە، تکایە هەستەوە، فوویەک بەم مەڵبەندە وێرانەدا بکە، بەڵکو ئەوندەی سەرە دەرزیەک، ئەمندەی دەرمانی چاو خۆشیو ژیانی تێدا بژێیتەوە. هەستەوە لە بەرزایی ناڵەشکێنەوە بۆ حەوزە گەورەی بۆکان بڕوانە...
هۆ سەردارەکەی هەموو سەردەمێکی هونەری شمشاڵی کوردو کوردستان، هۆ بلیمەتە هیوا خولقێنەکەی شەو ڕۆژی وڵاتو ڕۆژهەڵات، هۆ ئۆگرە هەمیشە بەوەفاکەی ئەو دوکتورەی یەکەم جار لە گۆر

غەریبیدا چاوی لەسەر یەک داناو ناوە پیرۆزەکەی دایمودەرهەم وێردی سەر زارت بو، هۆ ئەویندارکەی پێشمەرگەو بەشێک لە ناسنامەکەی "دەنگی کوردستان"، ئەگەرچی تەرمە پیرۆزەکەت لە کەژاوەی کاروانێکی بەشکۆدا بەرەو دوایین مەنزڵگەی ژیان ڕۆیوە، دێوەزمەو باهۆزی سڕینەوەی هونەری ڕەسەن لەم وڵاتە لە مێژە تەپڵی تونا کردن دەکوتێ، بەڵام خاترجەمبە، وەکوو بەرێ لەگەڵ هەموو بومەلێڵو سپێدەیەک، شەپۆلەکانی "دەنگی کوردستان"، ئاهەنگی شمشاڵەکەت وەکوو بۆنو بەرامەی مێخەک، ڕێحانەو سوێسنو مێلاقەو گوڵەباغ لە بەرۆکی دایکی نیشتمان دەدەن، وڵات بە دەنگی بلاوێنی شمشاڵەکەت لە خەو ڕادەبێ، هەر هاواری مافخوازی شمشاڵەکەت سیمای ماندووی شاخو شار ئاو پرژێن دەکات.

ئای، ئای، گۆران گوتەنی: " لە نێو قەومی بەسیتا هونەر وەکوو عەکسی قەمەر وایە لە نێو حەوزێکی لیخندا".

ئەی بۆکانی بووکی موکریان، دەتبینم ماتو مەلوولی، چاوم لێتە سمیات ڕەنگی ماتەمی گرتوە، ئاگام لێیە ناڵەشکێنە ئەژنۆی غەمی لە باوش گرتوە، هاوار بەماڵم، لوتکەی کێوی بەردەزەرد ماتەمی لێ نیشتوە. گەڵۆ، میوانێکی ئازیز کە ڕەنگی ژیانی سارێژ بوو لە خەزان، بە بێ ئەوەی دەست لە هیواخوازی بەردا، بە بێ ئەوەی لە پێناوی ناندا ویژدان ژێر پێ خا، بە چەشنی سوارچاکێکی هەتا سەر وەفادار بە وڵاتو ڕەسەنایەتی هونەری شمشاڵ، لە سەر شانوپیلی کیژولاوی ئەم وڵاتە پڕ ئێشو زامە، دەچێ تاکوو میوانی هەتاهەتایی ئەو کەسە بێ کە چریکەی دەنگی موژدەی نەورۆزو نوێبوونەوەی دەداو ئەچریکاند، "ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە، جێژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشیو بەهاتەوە"، دەچێ تاکوو لە ژێر خاکێکدا کە موقبیلی شاخەوانی لە خۆیدا حەشار داوە، بەڵام مخابن سێبەری پڕ لە نەگبەتی قاڵاوو دێودرەنج بەسەریدا قورسایی دەکات، ئارام بگرێ؟

هەی ڕۆ هەی ڕۆ، تۆ ژەنیارێک بوویت، لە دڵەوە فووت بە هەناوی ئەم شمشاڵەدا دەکرد، نەک تەنیا بۆ ئەوەی دەنگی دڵنشینی شمشاڵ برژێتە ڕۆحمانەوەو لە خوێنبەرەکانی لەشماندا بێتو بچێ، تۆ دەتویست هەناسەو دەنگت هەرچی هەوری چڵکنو ڕەزای قورسی ئاسمانی تەمداگرتووی وڵاتە، لەگەڵ خۆی هەتا چاو بڕ دەکات ڕایماڵێت...

هونەرمەندی نەتەوەیی شمشاڵ ژەنی ناوداری کورد قادر عەبدوڵلازادە ناسراو بە "قالە مەڕە"، ڕۆژی چوارشەممە 24ی سێپتامبری ساڵی 2008ی زایینی، بەرانبەر بە ڕێکەوتی 3ی ڕەزبەری 1387 هەتاوی، باری تەندروستی تێکچو لە نەخۆشخانەی شاری بۆکان خەوێندراوو لە ژێر چاودێری پزیشکیدا مایەوە.

بەداخەوە لەو کاتەوە تاکوو دوایین ماڵئاوایی لە ژیان، نەخۆشی بەرۆکی بەرنەدا، لە ئاکامدا ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 31ی بانەمەڕی 1388ی هەتاوی، بەرانبەر بە 21ی مانگی مای 2009ی زایینی، دڵە دریا ئاساکەی لە لێدان کەوتو بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لە کوردپەروەرانی نیشتمانەکەمان خواست. مامە قالەی پەنجە زێڕیین، لە زۆربەی فیستیڤاڵو کۆڕو بەرنامەی تایبەتو کێبەڕکێ هونەرییەکانی تایبەت بە هونەری موزیك لە کوردستانو ئێران بەشداری کردوەو لە هەموویاندا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، هاوکات ئەندامی لێژنەی داوەرانو لێژنەی هەڵسەنگاندنو ڕاوێژکاری کۆمیتەی بەرزی فیستیڤاڵەکان بوە.

قالە مەڕە، وەکوو خۆی لە وتوویژ لەگەڵ بەرێزان، ب. فەرشیو م. ڕەمەزانی باسی دەکات، لە گوندی کولیجەی بۆکان لە دایك بوە، بە مەزندەی خۆی دەبێ ساڵی 1295ی هەتاوی، بەرانبەر بە 1916ی زایینی هاتبێتە سەر دنیا، بەڵام سجیل نووسی دەورەی ڕەزاشا، ڕۆژی یەکی چلەی گەورەی زستانی ساڵی 1304ی هەتاوی بەرانبەر بە 1925ی زایینی، واتە شەوی یەڵدای بۆ نوسیوە کە چاوی بە ژیان هەڵێناوە. هەر وەکوو خەباتگێڕی خۆشەویستی کوردستان، هاورێ ڕۆژە سەختەکانی بەندیخانەی مامە قالە، واتە مامۆستا مەلا حەسەن شیوەسەڵی لە بەرنامەیەکی تایبەت بە قاڵە مەرە، لە تیشک تیڤیدا ئاماژەی کردو

زۆر جارانیش قاله مەڕە بۆ خۆی ئەوەی پست ڕاست کردۆتەوە، ناوبراو لە لایەن شێخ محەمەد شێخی بورهان لە ناوچەی موکریان کە مام قادری زۆری خۆش دەویست، نازناوی "قالە مەڕە"ی پێ بەخشراوە.
قالە مەڕە ساڵی 1945-1946 پەیوەندی بە تێکۆشەرانی کۆماری کوردستانەوە گرتوەو دۆستایەتییەکی نزیکیشی لە گەڵ مامۆستایان هەژارو هێمندا هەبووە.
لە دوای لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆك کۆماری کوردستان، قاچاغ دەبێو پاشان پەڕیوەی کوردستانی گەرمێن ئەبێ.
ساڵانی 1967_1968ی زایینی، بەرانبەر بە 1346 _1347ی هەتاوی، پاش جوڵانەوەی سەربەرزانەی ئەو سەردەمەی بزوتنەوەی کوردستان، بۆتە هاوڕێی شەهید مەلا ئاوارەو بەشێکی دیکە لە تێکۆشەرانی ئەو دەمی جوڵانەوەکە.
تا سەردەمی شۆرشی گەلانی ئێران، بە نهێنی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بووەو تاکوو دوایین هەناسەش وەفادار بەو ڕێبازە پڕ سەروەرییە مایەوە، سەرەڕای هەموو زەبروزەنگو چاو لێسوورکردنەوەیک لێی لە لایەن کاربەدەستانەوە، قەت حاشای لەم شانازییە نەکرد.
قالە مەڕە هەتا تەمەنی 74 ساڵی ژنی نەهێناوە، هەموو خۆشەویستی ژیانی لە شمشاڵ لێدانو گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی گەلەکەی دیتۆتەوە، چیرۆکێك خۆی گوتەنی لە زەمانی ساسانییەکانەوە دەست پێ دەکا.
لە وتووێژ لەگەڵ رادیو کرماشان لە ساڵانی 1975دا لە وەڵامی ئەوپرسیارەدا کە بۆ ژنت نەهێناوە دەڵێ: " ئەگەر ژنم هێنابا لە شمشاڵەکەم دور دەکەوتمەوە".
دەگێڕنەوە، جارێکیان لە نەخۆشخانەی شاری مەراغە دەکەوێ دوکتۆر دەڵێ: " تۆ نەخۆشی سیلت گرتووەو ئەگەر چاکیش بیتەوە لە ڕێگای شمشاڵەکەتەوە دەیگریەوە، دەبێ شمشاڵەکەت فرێ دەی"، قالە مەڕە کە لەگەڵ شمشاڵەکەی گەورە بووە ناتوانێ لە خۆی دوری خاتەوە، لەو رۆژەوە هیچ کات شمشاڵی لە خۆی دوور نەخستۆتەوە یا لە باخەڵی دایە یان لە قۆڵی کەواکەی ڕاکردووە".
قالە مەڕە، لە پێناو بەختیاری کوردو کورستاندا جەفای زۆر کێشا، بەندیخانە چو دەربەدەری ئەزموون کرد، بەڵام هیچ کاتێک بۆ زۆردارو داگیرکەری نەژەنی، ئەو نەبوە پەسەنبێژی دەسەڵاتە زۆردارەکان، بە شانازییەوە لە کوچەو کۆڵان، لە شەقامو قاوەخانەکان شمشاڵی لێدا، زۆر شەوان بە زگی برسی سەری نایەوە، کەچی بۆ نان ئامادە نەبوو سەری بەرزی نەوی بکا، هەر چەندە مەرگ مەودای نەدا ڕەوینەوەی ڕۆژە ڕەشەکان بە چاو ببینێو بۆ خۆی هەڵاتنی خۆری ئازادی چاو لێبکات، نزیک بە هەشت دەبیە ژەنینی شمشاڵ کردویەتییە ئەو بلیمەتە نەتەوەییە کە لای هەموو دلسۆزانو نیشتمانپەروەرانی وڵاتەکەمان ناوو یادی هەتا هەتایە بەرزو بەرێز دەمێنێتەوە، ئێمە بە شانازییەوە ئاوڕ لە تێکۆشانو خەباتی سەربەرزانەی هونەرە نەتەوەیەکەی دەدەینەوەو بە چاوی سوپاسو وەفا بۆ ڕابردوە شکۆدارەکەی دەڕوانیین.
بە ئاواتی ئەوەی هونەری شمشاڵ، هونەری دڵخوازی قالە مەڕە، وەجاخی کوێر نەبێتەوەو لە لایەن هونەر دۆستانو هونەرمەندانی ئەو بوارەوە پەرەی پتر بگرێ.
یادی قالە مەڕە، هونەرمەندی بێ نازی نەتەوەیی کوردو کوردستان بەرزو بەرێز بێ.
http://www.rehim.blogspot.com

## به یادی مامه » قاله مەڕە »                    ڕەحمان سۆفی

دیسان ڕۆ، دیسان باوکەڕۆ هونەرمەندی گەرو زوڵاڵ و پەنجە بە شمشاڵمان ڕۆ.
ئەوەی نامەوێ بە سەرداهەڵکوتنە باش لێشم ڕوونە کە زنجیرە پڕۆگڕام ساز کردنە و ئاخ و داخ و پێداهەڵگوتنێکە هەر وەرە سەیری کە.
بەڵام داخەکەم هەواڵەکە دڵتەزێنە و ناتوانم بۆ یادی » قاله مەڕە » ی نەمر و هەمیشە لە یادان دا زیندوو بێ دەنگبم. بەڵام بەر لە هەموو شتێک و وتەیەک، وەکو مامۆستای نەمر و هەتا هەتایە زیندوو، هێمن موکریانی ئامۆژیاری لاوان دەکا و فەرموویەتی:
« کیژ و کوڕ بگرن لە دەوری گۆڕی هێمن ڕەشبەڵک
من کە شین گێڕی شەهیدانم لە کوێی شینم دەوێ »
منیش لەسەر ئیجازەی گەلی کورد بە گشتی و خەڵکی بە ئەمەک و هونەر پەروە ر و هونەر دۆستی بۆکان و موکریان بە تایبەتی دەڵێم: کوڕینە، کچگەل نە چن بیکەن بە هاوار و هێهات و ڕۆ، ڕۆ بۆ هونەرمەند و هونەربەرزی وڵات. لە من تان کەوێ لە سەر ئیجازەی حەسەن زیرەکی نەمر لە سەر مەزای « قاله مەڕە « لە هاوسێیەتی زیرک بە کوێری چاوی نەیار و نەگریسان لە دەوری گۆڕی بگرن کۆڕی ڕەشبەڵەک. تێ توڕێنن لە شمشاڵی کون کون و هەناوبەتاڵ. مزگێنی بەرن بۆ موقبلی هونەرپەژو لە چیای بەردە زەرد، و بڵێن وا ڕۆڵەیەکی موزیک زان و هونەر جوان بووە میوانی خاکی هونەر پەروەری بوکی موکریان. بڵێن ئەو بلوێرژەنە لێزانە بە شەو یان ڕۆژی ڕوون، بە هەور و ساو، هەر دەم سۆزی دەروونی هەڵچوایە، زۆر خاکینە وخۆڵینە لە قوژبنێکەوە زەوی دەبووە ڕایەخی و ئاسمان چەتری سەر سەری. ئاغای بە نۆکەر نەدەگرت. جا، لە گەرووی زەرد و زوڵاڵی زەردە شمشاڵی نەغمەی بێ وێنەی بوون و چۆنیەتی هونەری سادە و ساکاری بە زەوی و ئاسمان ڕادەگەیاند. بەڵێ لە تافی منداڵی و هەڕەتی لاوی و مێردمنداڵی دا شوانە وێڵەی هونەری زگماکی خۆڕسکی فۆلکلۆری کوردەواری بوو. میوانی هونەری جوانی شەنگە بێری و کچە خێڵاتی و کابانی نێوچەی موکریان بوو. لە بەر دەوارەکەی عەشیرەت، گۆژ کرابوو، تریفەی مانگە شەو دەزایە عاتیفەی گەشی. بزەی سەر لێوی وشکەڵاتو و قەڵەشبردووی. بە ئاوی کانیاوی گوندەکەی سۆزی دەروونی پاراو و فێنک دە کردەوە. لەگەڵ سروشت هاودەم بوو، شاد و بە کەیف و بێ خەم بوو. بەڵام هاندەری ئەو هەمووە، گڕ و گوڕە چی بوو؟ دەروونی ئەو هونەرمەندە بێ وێنەیە چی تێدا بوو؟ داخەکەم ئەو ڕازە لەمن سەرپۆشە. هەر ئەوندە دەزانم کە دەنگی شمشاڵی خۆش ئاهەنگ لە گەروویەوە لوزوەی دەبەست و مێشکی پڕ خەیاڵی مرۆڤی دەخستە ئەندێشە و تێڕامانەوە. هەر لاوژە، بەستە، حەیران، بەیت و باوی کوردەواری بوو دووپات دەبووەوە. فەرهەنگی ڕەسەنی چیایی بوو، چۆنیەتی ژیانی مەڕداری و باخ و کشت وکاڵی بە نەوەی ئەمڕۆی کورد ڕادەگەیاند. مێژووی لە مێژینەی نەتەوەی کوردی دەسەلماند. بەڵێ ئاهەنگی پڕ لە ناڵە و وردەبەستەی هەست بزوێن و خەمڕەوێنی مامە » قاله مەڕە « بوو کە مرۆڤی هەستیاری وا دەهەژاند. بەڵێ هونەری ڕەسەنی مامە قاله دەبووە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ مەینەتی ڕۆژانی خۆی لە بیر بچێتەوە و هەندێک لە دنیای ڕەنگاوڕەنگی بازاڕی بێ بەزەیی و بێ دادی بۆ ماوەیەکی کورتیش بووایە دوور دەکەوێتەوە و تۆزێک پشووت ئەدا و دەحەساێتەوە.
من قاله مەڕەم ئاوا ناسیوە: سەربەخۆ، پیاوی ئەم و ئەو نەبوو. بە باڵای ئاغا ڕووتە و هەرزەکارانی دا هەڵنەدەگوت. بۆ دڵی پڕسۆز و هەستی کوردانەی خۆیی لێ ئەدا و بەس.
یادی هەرگیز ناچێ لە یادمان.
2009.5.22 یوتەبۆری سوێد

شمشاڵ
2009 04 19 - 16:55




**ئاگری**

.

.

نه هاواری قامیشەو نەی
نه سۆزی دەنگی کەمانه و
نه گریانی تار و زەخمەی
ناڵەی دڵی مرۆڤیکی چەوساوەیه
له دەست ژیانی سەخت و تووش
پڕ به گەرووی کانزایەکی کونکونی شووش
"بۆ قالەمەڕە"
2009 04 19 - 02:46



رەسوڵ سوڵتانی

لەخەو رابوون کەژو کۆ لەگەل هاواری شمشال
سروودی دەشت و کۆ بوو رژا لە زاری شمشال

خەمی حەیران و بەیتی گەلێکی گرتە ئەستۆ
شەپۆل ئەدا شەوو رۆژ چەمی ئازاری شمشال

لەگەل نووزەی بەسۆزی خەج و سیامەندی زامار
بەرێژنە ئەشکی لێڵی لە چاو ئەباری شمشال

بوغدان و ئەستی شینی کاکەمیر و کاکە شێخ
دەرێژنە نێو هەناوی رەش و زاماری شمشال

لەگەل عەبولعەزیزی خەمینی کوڕ لەدەست چوو
دەگێڕێ شین و دەگری دڵی نزاری شمشال

هەوای لاوك و بەیتی خەزال و ئەی رەقیبە
کاروانی دل ئەکێشێ بەرەو هەواری شمشال

ئەوی لەگەڵ خەم و ژان بە حاستەم ئاشنا بێ
چرۆی خەمی دەپشکوێ بە نارەناری شمشاڵ

ئامێرەکانی موزیك چاویان لە دەستی تۆیە
لە نیشتمانی دەنگا سەرۆك کۆماری شمشاڵ

دەستت ئەخەیتە ئەستۆی کچی حەیرانو لێلێ
خۆشی لە خۆت کە دۆستی کەژ و کۆساری شمشاڵ

ئەگەر نەبایە پەنجەی بەهەستی مامە قالە
بێبەش دەبووین لە بۆن و بەرامی داری شمشاڵ

هاوینی 82 بۆکان

**ئەم شیعرە پڕە لە مەراقی شەونمێک**
22 / 4 / 2009

بۆ قالەمەرە
جەمال نەجاری
دەنگێکی تازەتر لەسەر شەقام
بە وردایی ئێوارەیەک دەخزێتە گوێم
 باران بە نەرمی دەبارێ و
ئێمە چەترەکان دەبەستین...
دەچمە ناخی ئاوازیکی بێ قەرار و
تا کۆتایی شەقامەکە رامدەکێشێ
کە ئێوارەی ئەم شەقامە
پڕە لە گۆرانی
پڕە لە سۆزی مۆسیقا
سۆزێک وەکو حەیرانی دڵ
سۆزێک وەکو بەیتی ئەوین
یا مەقامیک چەشنی باران و ئاوێنە.
ئەشق لێرە لەسەر شەقام، مانایەکی تری هەیە
وەک هەڵفڕین...
فڕین تا مەیدانی هەور و
گەڕانەوە بۆ ئەزەلی ئێوارەیەک.
پڕ بە نیگای رێبوارێکی خولیای سەفەر،
سەفەر،
سەفەر ئاشق بوون
بۆ گەیشتن بە مەزلی نۆتەکان و
حەسانەوەی پەنجەکان و
لەزەتی بی نەهایەت و
ئەم ئیوارەش شەقامەکان - تابەیانی-
هەر بە دەم "با" وە گۆرانی دەچڕن.
درەختەکان شینتر دەژین
وەک ئاسمان
ئاسمانیش رووخساری سەوزی دەپۆشێ
بە چارشێوی پڕ ئەستێرە، هەتا کۆچی باڵندەکان
دەڕواتە خەو
خەوی حەز و
خەوی "ساڵانی 24 و 26" ی "هەتاوی زەرد"
با لێرەوە بێ باڵندە دەس پێبکەین بە هەڵفڕین
کە تۆ تا ئێستاش
رێبوارەکەی ئەم شەقامەی
شەقام خولیای پەنجەکانتە

که تۆ ئێستاش بۆنی "موکریان"ت لیدێ و
بێ نەهایەت یادی یاران.
دە مەگری
بەس بەم سۆزە ئەم شەقامە بارانی کە،
دەهەستەوە
با سەر لە نوی ئەم رووبارە بەرەو دەریا هان بدەین.
دەست لە ملی کاتەکان کەین و
بخوێنین:
"ئەی ئەوانەی قەت لە بیرم ناچنەوە"
دەچنەوە،
دەچنەوە ناخی بێقەراری دووبارەم و
بۆ سەرەتایەکی نوێ
ژیان بە دەنگی سۆزی تۆ دەست پێدەکا
ئێرە دەنگی پێکەوە بوون
ئێرە دەنگی رەنگەکان و
ئێرە دەنگی "ئەی رەقیب" و
بەرانبەری مافی مرۆڤ.
چ نامورادانە ژیان دەبەیتە سەر



هەموو رۆژێ
لەبەیانییەکی ئاوسدا
لەسەر شووستەی شەقامێکدا لە دایک دەبی
بێ سڵاو و بەیانی باش
چەپکێ رووناکی دەخەیتە ناو دڵمان
هەر ئێستاکە پەنجەکانت ئامادەیە
بۆوەی تەیرێک هەڵفرێنی
بۆوەی زامەکان هەڵواسی
نیگا چکۆلەکەی من،
لە نێو نیگا گەورەکەی تۆدا جێی نابێ

من و تۆ
هەر لەسەرەتای سەفەری بارانەوە پێکەوەین
منالّیم لە ژێر چەترەکان بەجێهێشت و
تا ئێرە سوارێکی بێ ئەسپ بووم
وێنەکانم بۆ هەمیشە
بە ئاوێنەیەکی تەنیا سپارد
تا دەریا نەمدۆزێتەوە و
جەستەم نەکاتە قوربانی بۆ ماسییەکانی هەوەس
تۆ ئێستاش لە قەرەباڵغترین شوێنی شەقام
لێوەکانت بە جگەرە شاردۆتەوە
دەزانم،
حەز لە دروشمەکان ناکەی
حەز بە داخرانی دڵەکان ناکەیت و
هەر بۆیە بە دەم ناڵینەوە
دووبارە دەچیتەوە ناو ئەرشیفی سۆزەکانت و جانتایەک نەوای سیحراوی دەردەهێنی
کە دەرتهێنا
خەنجەرەکان لە لاسکی گولە ناسکەکان دەترسن
شەقام پڕ دەبی لە مەراقی شەونم و
ترافیکی کاتەکان پێکدێ.
تۆ لە خولیا دا دەبیتە جەنگەڵ و
ئێمە نائومێدییەکانمانی تیا چاڵ دەکەین....
چما ئاشوفتە و
چما سەرگەردان
درێژە تەمەنی دیدارت و
ئێمە لە رێگەی قوتابخانە تا گۆرستان
هەمیشە گۆرانیمان ئەزبەر دەکرد
کە تەیرەکان دەگەڕانەوە بۆ گەرمێن
ئاسمان ئاوس دەبوو
بە بێ چەتر، گوێمان بۆ نۆتەکانی باران هەڵدەخست و
بۆ سۆزە خەماوییەکانی تۆ.
ئەو کات هەموو هەناسەکانم لە شەوی یەڵدا دا
بە سەرتاسەری شەقام دەبەخشی.
-کە بە بروای خۆم درێژترین هەناسە بوون-
تا کەسێک رازی سەوزی سەفەرمان بگێرێتەو بۆ باخ
تا کەسێک بزانێ کە باخ
پڕ بوو لە درەختی خوێناوی...
پڕ بوو لە رووباری ژەهراوی...
لە ئێستا بە دواوە
ئیتر سنەوبەرەکان بە بێ ئیزنی دارستان ئاشق نابن
رەدووی رەشەبا ناکەون.

لە سفرەبەندانی بەهار دا، وەرزەکانی تر میوانن
بەس بێدەنگ بە
تکایە لەسە تەختە رەشی بیرەوەریت
رۆژانی منالیمان بێنەوە یاد،
دیسان لەسەر حەسیرەکان ژیانێکی منالانە دەست پیبکەین.
بهێلە بازار لە رەشبینی خۆیدا بسووتێ
وەرە تا وەرزی مەقام
دەست بە سینگی ئاسمانەوە بنێین
تا گەردەلوولی بیابان پڕی نەکا لە فەنا.
دووبارە پێشبینی کە، چەندە موحتاجی بووکە بارانەین
وەرە لە نێو پیخەفی ئێوارەیەکدا
"لای لایە" بۆ کوڕی شەوی یەلدا بلێین.
خوێن،
میراتی هەزار تەیری نەگەڕاوەیە لە گەرمێن
ئێمە گوناهبارین کە نەمانتوانی ناوی تەک تەکیان ئەزبەر بکەین.
شتێ بلێ،
با سەر لە نوێ دلنیایی بنووسمەوە
من شاعیرێکی رەشنووسی بەیانیم
چ بکەم بۆئەوەی دووبارە شیعرەکانم لە ژووری قوتابخانەدا بە رەنگی وەنەوشەیی بنووسم
چۆن باخەوانی سەفەر بەئاگا بێنم کە چنارێکیان لای ئیوارە سەر بڕی!
شتی بلێ
با گول فرۆشەکان لەوە زیاتر نەژاکێن و
دەستەکانیان لەکاتی سپێدە دا مەزاد نەکەن.
دە پێم بلێ
ئەو کات مانگ ئاوا دەبێ
تۆ "سەحەرە"م بۆ دەلێییت و
منیش مێژووی مانەوەی تۆ دەنووسمەوە
لای ئێوارە،
شەقەی بالی تەیرەکانی لای گەرمێنە کە دەبیستم
کە دەینووسم، لەسەر جەستەی مانەوەی خاک.
وەرە تا میلی کاتژمێرەکان دەگەڕێن،
دەقیقەیەک بۆ یادی - "شەهید ئاوە تینوێتی زەوی دەشکێنێ- "
بێدەنگ بین.
بۆکان – 1382/2/10
*ئەم شیعرەم لە مەراسیمی "سۆزی شمشال"، کۆڕی رێزگرتن لە مامۆستای پایەبەرز قالەمەرە دا خوێندەوە کە ئەنجومەنی ئەدەبی بۆکان لە رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 1382/5/9ی هەتاوی دا بەرێوەی برد.

**هونەرمەند قالە مەرە کۆچی دوایی کرد**
21 / 5 / 2009

**بەیان - بە پەلە :**قالەمەرەی هونەرمەندی شمشالژەنی کورد لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کرد. لە پەیوەندیەکدا قاسم رەحیم ئازەر یەگێك لە خزمانی بنەماڵەی مامە قالە لە شاری بۆکان وێرای پشت راستکردنەوەی هەواڵەکە بە سایتی بەیان ـ ی راگەیاند: ئەمشەو مامە قالە لە ماڵەکەی خۆی لە ماڵەکەی خۆی لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کرد.
هاوکات لە گەل ئەو پەیوەندیەش چەند سەرچاوەی پەیوەندار هەواڵەکەیان بۆ بەیان پشتراستکردەوە
قالە مەرەی هونەرمەند لەماوەی چەند مانگی رابردوو توشی نەخۆشی ببوو چەند جاریش لە نەخوشخانە لە ژێر چاودیری مایەوەو سەرنجام مەرگ مەودای نەداو مالاوایی لە ژیانو هونەرەکەی کرد.
ناوبراو بۆ ماوەی زیاتر لە 50 سال لە کاری هونەری‌و بە ژەنینی شمشال ناوبانگی هونەرمەندیکی میللی بۆ خوی تۆمار کردبوو.

موحسین سولتانیان زادە || 23 / 5 / 2009

مامە قالە ئە ی شمشال زە نی بە ناوبانگ، ئە ی رولە ی زمان، ئە ی خویندکاری زانستگای شاخە وانی و بە رخە وانی، روحت شاد بی و نە وات هە ر ماندگار بیت

دلشاد جەمشیدی || 21 / 5 / 2009

قالەمەرە ئەو بەش‌مەینەتە بوو کە زۆر کەس نانیان بە شمسالەکەیەوە خوارد بەلام خۆی بە نەداری ژیاو بە نەداری مرد .قالەمەرە ئەو پیاوە خەمینە بوو کە نەوای شمشالەکەی دلی هەموو کوردیکی ئەهوەن دەکرد کەچی دلی خۆی هیچکات ئەهوەنی بە خۆیەوە نەدی!! رۆحی شادە چۆن هەموو تەمەن بەخشەندەیی بوو.

**شمشاڵژەنی ئەفسانەیی کورد کۆچی دوایی کرد** 22:46:48

**خۆرهەڵات نیوز:** قاله مەڕە، شمشاڵژەنی ئەفسانەیی و هونەرمەندی نەتەوەیی کوردلە نەخۆشخانەی بۆکان کۆچی دوایی کرد.

بە پێی هەواڵی هەواڵنێری خۆرهەڵات نیوز لە بۆکانەوە، قادر عەبدوڵڵا زادە ناسراو بە قاله مەڕە کە ماوەیەکی زۆر بوو بە هۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانەی بۆکان لە ژێر چاوەدێری دابوو، کاتژمێر 10:15ی شەوی پێنج شەممە (بە کاتی کوردستان) لەسەر جومعە 2009/5/21ی لە نەخۆشخانەی بۆکان بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە لایەنگرانی هونەرەکەی کرد.

قالەمەڕە ساڵی 1925 لە گوندی کولیجەی سەر بە شاری بۆکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایك بووە. چەپ گەردی گردوون وای لێکردووە کە باوکی نەبینێ و دایکیشی لە تەمەنی 6 ساڵانیدا کۆچی دوایی بکا. هەر وەك خۆی باسی لێکردووە تەواوی ژیانی بە نارەحەتی و برسێتی و چارەرشی تێپەڕ کردووە. ساڵی 1945-1946 پەیوەندی بە کۆماری کوردستانەوە گرتووە و دۆستایەتییەکی نزیکیشی لە گەڵ نەمران هەژار و هێمن دا هەبووە

. لە دوای لەسێدارەدرانی قازی محەممەدی سەرۆك کۆمار، قاچاغ دەبێ و هانا دەباتە ئەشکەوتی گوڵاڵە، یان پەنای دەباتە ماڵی عەباس ئاغای سەرکەپکان و ئەحمەد ئاغای کۆیە. ساڵانی 1967-1968بۆتە هاوڕێی شەهید مەلا ئاوارە و مەلامەحموودی زەنگەنە و شەهید سولەیمانی موعینی. هەر لەو سەروبەندەدا ماڵیان دەچێتە دەڤەری بۆکان.

تا ساڵی 1985 هەر بە سەڵتی ژیاوە و خێزانی پێکنەهێناوە. هونەرمەند قالەمەڕە هەمیشە لە خەباتی کورددا بەشداری کردووە و هاوڕێ و هاوشانی تێکۆشەران بووە. تا سەردەمای شۆرشی گەلانی ئێران واتە ساڵی 1978 بە نهێنی لەگەڵ جووڵانەوەی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بووە.

گرینگی شمشاڵەکەی قالەمەڕە لە ئاستێك دایە کە پسپۆڕان و شارەزایانی بواری مۆسیقا نەتەنیا نەیانتوانیوە خۆ لە هونەرەکەی لادەن بەڵکوو تەنانەت وەك بلیمەتێك باسی قالەمەڕ دەکەن. بۆ نموونە مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی سەبارەت بە قالەمەڕە دەڵێ: پەنجەکانی مامەقالە پەنجەیەکی کورتی رەسەن، پەنجەیەکە کەوا ئێمە کەم کەس هەیە بەم شێوازە بتوانین دەستی بۆ درێژ بکەین زۆر پێویستە ئێمە بەو پەڕی رێزەوە بەو پەڕی گەورەییەوە بڕوانینە مامە قالە تەجرەبەی ژیانی ئەو بکەینە نووسراوێك لە کتێبەکاندا بڵاوی بکەینەوە، نەوەکانی داهاتوومان دەیان ماجستەرنامە و دکتۆرا نامەی لە سەری بنووسن. هەروەها مامۆستا ع.ج. سەگرمە ش لە سەر هونەری قالەمەڕە ئاوا دەبێژێت: قالەمەڕە شمشاڵژەنێکی بەتوانا و لێهاتووە، شارەزاییەکی زۆری لە موزیکی کوردی دا هەیە شارەزاییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە نیو سەدە ژەنینی ئەو ئامێرە. لووتکەی ژەنینی ئامێری شمشاڵ لە موزیکی کوردیدا لە ژەنینەکەی قالەمەڕە دایە..

قالەمەڕە لەم ساڵانەی دوایی دا لە گەلێك فستیڤاڵی موزیك لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەشداری کردووە و چەندین خەلاتی گەورەی وەرگرتووە

**ئێوارەی ئەمڕۆ قالەمەڕە دەبێتە میوانی حەسەن زیرەك**
11:03:38

**خۆرهەڵات نیوز:** ئێوارەی ئەمڕۆ تەرمی شمشاڵژەنی ناوداری کورد، قادر عەبدوڵلازادە ناسراو بە قالەمەڕە، لە پەنا مەزاری حەسەن زیرەك بە خاك دەسپێردرێ.

بە پێی راپۆرتی هەواڵنێری خۆرهەڵات نیوز لە شاری بۆکان، کاتژمێر 5ی ئێوارەی ئەمڕۆ، بە بەشداری خەڵکی بۆکان و شارەکانی تری خۆرهەڵاتی کوردستان، تەرمی شمشاڵژەنی نەتەوەیی و پێشمەرگەی کوردستان قادر عەبدوڵلا زادە لە داوێنی کێوی ناڵشکێنە و لە پەنا مەزاری حەسەن زیرەك بە خاك دەسپێردرێ .

هەر بە پێی ئەم راپۆرتە، رۆژانی شەممە و یەکشەممە لە مزگەوتی گەورەی شار (مزگەوتی جامیع) کۆڕی پرسە و ماتەمین بەڕێوە دەچێ.

دەستەی بەڕێوەبەریی خۆرهەڵات نیوز، هاوکات لەگەڵ ئەوەی خەم و پەژارەی خۆی بۆ لەدەستدانی ئەو هونەرمەندە مەزنە دەردەبڕێ داوا لە خەڵکی کوردستان دەکات بە بەشداری هەرچی بەرینتر لە رێورەسمی بەخاك سپاردن و کۆڕی ماتەمینی ئەو هونەرمەندە دا، ئەو جۆرەی کە شیاوی گەورەیی هونەرەکەیەتی رێزی لێ بگیرێ

## هونەری ـ ئاگادارییەك لە بارەی كۆچی دوایی شمشاڵژەنی كورد قالە مەڕە




PNA-مەنووچێهر جیهانی/ بۆكان ـ دوای ئەوەی شەوی دوێنێ پێنجشەممە هونەرمەندی میللی و شمشاڵژەنی ناوداری كورد قادر عەبدوڵلازادە ناسراو بە "قالە مەڕە" كۆچی دوایی كرد، ئاگادارییەك بەم بۆنەیەوە بڵاوكرایەوە .

بە پێی راپۆرتی تایبەتی بەشی هونەری ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچوونی كوردستان ـ پەیامنێر ـ لە بۆكان، هونەرمەندی میللی و شمشاڵژەنی ناوداری كوردستان و ئێران و جیهان قادر عەبدوڵلازادە ناسراو بە "قالە مەڕە" شەوی پێنجشەممە 21ی مەی 2009 لە كاتژمێر 11/20 خولەك بە كاتی تاران لە تەمەنی 84 ساڵیدا بە هۆی نەخۆشییەكی درێژخایەن لە ماڵی خۆی لە شەقامی مامۆستا هێمن لە كۆڵانی لاچین 15 لە شاری بۆكان كۆچی دوایی كرد .بەم بۆنەیەوە ئاگادارییەك بڵاوكرایەوە كە ئەمەی خوارەوە دەقەیكەتی:

زیرەك هەستە لەو نێو گۆڕە سی ئەوا میوانێ تازە هات
هەتا دەنگی شمشاڵەكەی سی خەبەر بدا بە دوور وڵات
دەبا ناڵەشكێنە دیسان سی بۆ مام قادر رەشپۆشی كات
"محەمەد سەعید نەجاری ـ ئاسۆ"

بە داخ و كەسەرێكی زۆرەوە هەواڵی دڵتەزێنی كۆچی دوایی هونەرمەندی شمشاڵژەنی ناوداری كورد قادر عەبدوڵلازادە ناسراو بە "قالە مەڕە" رادەگەیەنین. بەم بۆنەیەوە لە رۆژانی شەممە و یەكشممە 23 و 24ی مای 2009 رێكەوتی 2 و 3ی جۆزەردانی 1388 لە مزگەوتی جامیعە لە شاری بۆكان پرسە و سەرەخۆشی دادەندرێت.

لە لایەن بنەماڵەی عەبدولازادە، شەریفیان، عەبدولانیژاد، مێهرەبان، عەبدە، سەید عەزیزی، سەرجەم خزمان و كەسان، ئەندامانی خولی سێیەمی شوورای شاری بۆكان، هونەرمەندان، نووسەران و رۆشنبیرانی شارستانی بۆكان و ناوچە.

**بۆ بە خاکسپاردنی هونەرمەند قالە مەرە بە هەزاران کەس سەردانی شاری بوکان دەکەن**
22 / 5 / 2009

بەیان – ئیستا :دوکانو بازارەکانی شاری بوکان لە سەر بەیانیەوە داخراوە .خەلکی دەستە دەستە بەرەو مالی مامە قالەو گۆرستانی شار بەریدەکەون.
ئەمرۆ سەعات پێنج بە کاتی بۆکان تەرمی قالە مەڕە لە مزگەوتی گەورەی بۆکانەوە پاش گەڕاندنی بە کوچەو شەقامە سەرەکییەکانی شاردا بە خاک دەسپێردری و لە سەر وەسێتی خۆی لە داوێنی نالەشکێنە لە پەنای مەزاری هونەرمەندی مەزن حەسەن زیرەک تەسلیم بە خاکی نیشتمان دەکرێ.
رۆژانی شەممە و یەکشەممە لە مزگەوتی گەورەی شار پرسەی بۆ دادەنرێ
ئێستاکە خەڵک ئامادەکاری مەراسیمی بەخاک سپاردنی دەکەن و بڕیاریشە مەڕاسیمیکیش هەر بەو بۆنەیەوە لە سەر مەزاری نالەشکێنە بەڕیوە بچێت
بە پێی ئەو زانیاریانەی دەست بەیان کەوتووە چەند حیزبێکی رۆژهەلاتی کوردستان تا ئیوارەی ئەمرۆ بەیاننامەی هاودەردی بەو بۆنەوە بلاو دەکەنەوە.
عەلی قازی محەمەد سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان لە راگەیاندراوێکدا کە بۆ بەیان ـ ی ناردوە دەڵێت: بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەندی شمشاڵژەنی ناسراوی کورد "قالەمەڕە"وە بەناوی خۆم و هەموو ریزەکانی پارتی ئازادیی کوردستانەوە سەرەخۆشییەکی گەرمتان پێشکەش دەکەم. کۆچی دوایی ئەو خەسارەتێکی دیارە لە هونەری رەسەنی کوردی."

خالید ئە خمە دی 2009 / 5 / 22 ||

سلاو و رێز بە بە شی خۆم دلێم مامە قالە بە شمشالی خۆی خزمە تێکی گە ورە ی بە فە رهە نگ و کولتۆری گە لە کە مانی کرد هە زاران سلاو لە گیانی پاکی ئە و هونە رمە ندە گە ورە یە .خالید ئە خمە دی www.urmiye.org




**هونەری ـ هۆشەنگ کامکار: قالەمەڕە ئەستێرەیەکی موزیکی کوردستان بوو**

-PNAمەنسوور جیهانی/ تاران ـ هۆشەنگ کامکار لە لێدوانێکی تایبەتدا رایگەیاند: "قالەمەڕە ئەستێرەیەکی موزیکی کوردستان بوو. هیچ کاتێك هونەرەکەی نەفرۆشتووە ."

موزیکزانی بەئەزموون و ناوداری کورد هۆشەنگ کامکار و سەرپەرستی هونەری گرووپی موزیکی کامکاران لە لێدوانێکی تایبەت بە ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر، سەبارەت بە کەسایەتی شمشاڵژەنی کورد "قاڵەمەڕە"، گوتی: "بەڕای من یەکێك لە ئەستێرەکانی فەرهەنگی موزیکی کوردی بوو،] هۆشەنگ کامکار لێرەدا دڵی پڕ بووە و قسەی بۆ نەدەهات ... [بەڕاستی ناتوانم قسە بکەم نازانم بڵێیم چی، بەڵام حەیف بوو. نە لە زەمانی پێشوودا رێزیان لێگرت و نە لەم زەمانەشدا، بەڵام هونەرمەندێکی گەورە بوو".

هەروەها گوتی: "باروودۆخی ژیانی ئێمە زۆر باش نییە و هەموو کەسێك ئێمە دەناسێت کە چۆن ژیان دەبەینە سەر، بەڵام چەند ساڵ لەمەو بەر بڕیارماندا کە یارمەتی "قاڵەمەڕە" بدەین و شتێکمان بۆ دیاری کرد هەر چەندە زۆر نەبوو، بەڵام بەداخەوە هیچ کەسێك یارمەتی نەدەدا".

سەرپەرستی هونەری گرووپی موزیکی کامکاران سەبارەت بە شمشاڵژەنی کورد، گوتی: "مرۆڤێك بوو کە لە پای فیکر و ئەندێشەی خۆی دەژیا مرۆڤێکی عارف بوو، من ئەمرۆکە بە هاوسەرکەمم دەگوت کە ئێمە ئەگەر بمانەوێت عیرفان و عارفییەت تەفسیر بکەین بە تەواوی مانا لە وجوودی ئەو پیاوەدا بوو. بەو هونەرییەوە ژیانی خۆی کرد بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە لە مێژووی موزیکی کوردیدا هونەرمەندێکی گەورە بوو، هیچ کاتێك هونەرەکەی نەفرۆشت و لەو فیکر و بیروباوەڕەی کە بووی هیچ کاتێك وازی نەهێنا و هەموو کاتێك بەدوای ئامانج و مەبەست و موزیکی خۆیەوە بوو. من هەموو کات بە داخم بۆی کە لە مێژووی ژیانیدا هیچ کەسێك ئاوڕی لێنەداوە کە ئەمە زۆر جێگای داخە".

هۆشەنگ کامکار سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی کارەکانی "قالە مەڕە "لە ئاواز و گۆرانی کامکاراندا، گوتی: "من چەند ساڵ لەمەوبەر لە کۆنفرانسی موزیکی "سواس" لە لەندەن بۆ پێشکەش کردنی وتارێکی زانستی لەسەر ئامێری شمشاڵ بۆ وڵاتی بەریتانیا بانگهێشت کرابووم، هەندێك لە کارەکانی "قالە مەڕە"م بە شێوی ڤیدیۆ تۆمار کرد. لەم کۆنفرانسەدا من سەبارەت بە ئامێری شمشاڵ و شێوەی ژەنینی ئەم ئامێرە و هەروەها مەقامەکانی ئاخاوتنم کرد و چەندین دیمەنم لە وێنەکانی ئەم فیلمە بۆ بینەران نمایش کرد. دیارە کارەکانی قالە مەڕە لەسەر ئاواز و گۆرانی گرووپی موزیکی کامکاراندا کاریگەری هەیە. نە تەنیا کارەکانی قالە مەڕە لەسەر ئێمە کاریگەری ئەوتۆی هەیە بەڵکوو بە گشتی ئێمە لە موزیکی کوردی کەڵك وەردەگرین ".

ئاوازدانەر و ئەندامی گرووپی موزیکی کامکاران سەبارەت بە کاری هونەری هاوبەش لە گەڵ قالەمەڕە، گوتی: "زۆر بە داخم کە نەمانتوانی و رێکنەکەوت کە لەگەڵ گرووپی موزیکی کامکاراندا بە شێوەی کۆنسێرت بەرنامەیەك پێکەوە پێشکەش بکەین کە ئەوە تەنیا بە هۆی دووری رێگاوە بوو، ئەو لە ئێمە دوور بوو و نەمانتوانی ئەو کارە بەیەکەوە بکەین. بەڵام من لە کوردستانی عێراق کاك عەبدوڵڵا جەماڵ

سگرمه کارێکی سەبارەت بە قالەمەڕە نووسی و زۆر جوان و ڕێکوپێك بوو، بە بڕوای من ئەوە لە مێژوودا ماوە و من لێرەوە پیرۆزبایی پێی دەڵێیم کە ئەو کارە جوانەی کرد بە بڕوای من زۆر زۆر جوان بوو، من هەر کاتێك ئەو کلیپە دەبینم دڵم پڕدەبێت".

هەروەها گوتی: "لەدەستدانی "قالەمەڕە" بۆ تەواوی گەلی کورد زۆر جێی داخە لە هەر شوێنێکی دنیا بێت، یەکێك لەو ئامێرژەنە گەورانە بوو کە بەداخەوە زۆر بەداخەوە لە هەژاری و نەداریدا ژیانی بەسەر دەبرد، میللەتی کورد بۆ ئەو کەسایەتییە دەبێت رەشپۆش بێت و ماتەمین بگرێت".

ئاوازدانەی کورد سەبارەت بە بەراوردکردنی ئاستی هونەری و ئامێرژەنی قالەمەڕە لە گەڵ هونەرمەندانی ناوداری دنیا، گوتی" :دەتوانم "قالەمەڕە" وەکوو سیتارژەنە ناودار و گەورەی هێندستان "بیسمیلا خان" بەراورد بکەم، لە ئێراندا ئێمە ئامێرژەنی زۆر گەورەمان هەیە بۆ نموونە "شاهمیرزا مورادی" ئامێرژەنی بەتوانای لوڕستان. قالەمەڕەش لە ئاستێکی زۆر بەرزدا ئامێری شمشاڵی دەژەنی، بەڵام بەو شێوەیەی کە دەبوایە نەناسرا و هەر لە شاری بۆکاندا ماوە و بەداخەوە کەسێك دەستی نەگرت کە هونەرەکەیان بە شێوەی ئەوتۆ و پێویست لە ئاستی ئێران و دنیادا بناسرێت".

موزیکزانی کورد هۆشەنگ کامکار و سەرپەرستی هونەری گرووپی موزیکی کامکاران لە کۆتایی ئەم دیدارەدا گوتی: "ئێمە وەکوو گرووپی موزیکی کامکاران ئەو توانایەمان نییە کە بە تەنیا ڕێوڕەسمێك بۆ بەرز ڕاگرتنی یاد و بیرەوەری ئەو کەسایەتییە بەڕێوەبەرین، بەڵام لە بەرنامەماندا هەیە کە کارێکی گونجاو بۆ قاڵەمەڕە بکەین، دەبێت ئەنجوومەنی کوردەکانی تاران یا هەر کەسێکی دیکە کە ئەو ئەرکەیان لەسەر شانە، ڕێوڕەسمێك بخەنەڕێ کە هەموو کوردێك بتوانن تیایدا بەشداری بکەن و پێکەوە یادی مامە قادر بەرز ڕابگرین".

**له تارانی پایتەختی ئێران کۆڕی پرسە بۆ قالەمەڕە بەڕێوە دەچێ**
20:03:56

**خۆرهەڵات نیوز:** کۆڕی کوردانی دانیشتووی تاران بە بۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەندی نەتەوەیی و مامۆستای بێ وێنەی شمشاڵ، قالەمەڕەی ئەمرەوە کۆڕێکی پرسە و ماتەمین لە شاری تاران بەڕێوە دەبات.
لە راگەیاندراوێکدا کە وێنەیەکی بە خۆرهەڵات نیوز گەیشتووە نووسراوە: بە داخ و کەسەرێکی هەرە زۆرەوە ، هەواڵی کۆچی  دوایی ماموەستا مامە قالە ، شمشاڵ ژەنی ناوداری کوردمان پێ گەیی و هەمومانی لە شاری تاران و دەوروبری تاسە بار و خەمبار کرد . کۆڕی کوردانی تاران ، لە ناخی دڵیەوە ، بەم بۆنەیەوە ، پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی مامەقالە ، خەڵکی شاری بۆکان ، شوڕای شار و تەواوی هۆگرانی هونەری رەسەنی کوردی،  لە تەواوی جیهان دەکا و بە هیواین رۆ حی شاد بێ .

لە خوارەوە دەقی راگەیاندراوی کۆڕی کوردانی تاران بخوێننەوە:

**پرسە**

**سەرەخۆشی و هاودەردی کۆڕی کوردانی تاران ،بە بۆنەی کۆچی دوایی ماموەستا مامە  قالەوە .**

بە داخ و کەسەرێکی هەرە زۆرەوە ، هەواڵی کۆچی  دوایی ماموەستا مامە قالە ، شمشاڵ ژەنی ناوداری کوردمان پێ گەیی و هەمومانی لە شاری تاران و دەوروبری تاسە بار و خەمبار کرد . کۆڕی کوردانی تاران ، لە ناخی دڵیەوە ، بەم بۆنەیەوە ، پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی مامەقالە ، خەڵکی شاری بۆکان ، شوڕای شار و تەواوی هۆگرانی هونەری رەسەنی کوردی،  لە تەواوی جیهان دەکا و بە هیواین رۆ حی شاد بێ .

ئێمە ، کوردانی نیشتەجێی تاران و دەوروبەر ، کە رەنگە ژمارەمان لە یەک میلیۆن و نیو کەس زۆرتر بێ و بە بۆچوونێک یەکێک لە نێوەندە کو رد نشینەکانی هەرە گەورەی جیهانین ، ماموەستا مامە قالەمان بە سامانێکی نەتەویی پڕ بایەخ دەزانی ، کە هەمیشە جێی رێز و هۆی شانازیمان بو .

بە هیواین کە ئاخرین خەم بێ و رێگەی هونەری ئەو خۆشەویستە ، رۆژ بە رۆژ پڕ رێبوارتر .

هەر بەم بۆنەیەوە ، کۆڕێکی سەرە خۆشی ، رۆژی هەینی 1388/3/8ی هەتاوی  ، بەرابەرلە گەڵ 2709/3/8ی کوردی ، لە کاتژمێر  5  تا 7 ی پاش نیوەڕۆ ، لە لایەن کۆڕی کوردانی تارانەوە ، لەم ناونیشانەی خوارەوە ، لە شاری  تاران پێک دێ .

تهران – خیابان آزادی ، خیابان ارومیه شرقی ، نبش خیابان نواب ، روبروی داروخانه ، تلفن 02166931909 .

کۆڕی کوردانی تاران ( ک.ک.ت ) – تاران ، 1388/3/2 ، رێکەوتی 2709/3/2ی کوردی .

**لە کۆڕی پرسەی قالەمەڕە دا فەرماندار و ئیمام جومعە و شۆرای شاری بۆکان لە دژی نووسەران و هونەرمەندان وێستانەوە**
17:55:26

**خۆرهەڵات نیوز:** لە کۆڕی پرسە قالەمەڕە دا فەرماندار و ئیمام جومعە و شۆرای شاری بۆکان لە دژی نووسەران و هونەرمەندا وێستانەوە و نەیانهێشت بەرنامەی تایبەتی بەرێوە ببەن.

بە پێی راپۆرتی هەواڵنێری خۆرهەڵات نیوز لە شاری بۆکانەوە، ئێوارەی ئەمڕۆ نووسران و هونەرمەندانی شاری بۆکان بە تەما بوون لە کۆڕی پرسەی هونەرمەندی شمشاڵژەنی کۆچکردوو، قالەمەڕەی نەمر دا کە لە مزگەوتی گەورەی ئەو شارە بەڕێوەدەچوو، کۆڕێکی تایبەت ساز بکەن و بە خوێندنەوەی شێعر و وتار و پەخشان رێز لەو هونەرمەندە نەتەوەییە بگرن بەڵام لەگەڵ دژایەتیی حەسەن عەبباسی فەرماندار و ئیمام جومعە و شۆڕای شار بە سەرۆکایەتیی عەلی قادری و و قەسیم عوسمانی نوێنەری شار لە پارمان، رووبەڕوو بوونەوە و رێگایان پێ نەدرا هیچ بەرنامەیەك بەڕێوە ببەن.

جێگای ئاماژە پێکدرنە دوێنێش لە کاتی بە خاك سپاردنی تەرمی قالەمەڕە دا لە سەرداوای ئیتلاعاتی شاری بۆکان ئەندامانی شۆڕای شار و نوێنەری بۆکان لە پارلمان هەڕەشەیان لەو خەڵکە کردبوو کە دروشمیان دابوو و رێگایان بە نووسەری ناسراو، محەمەدی رەمەزانی نەدابوو کە لە لایەن هونەرمەندان و نووسەرانی شارەوە پەیامێك بخوێنێتەوە.

هەواڵنێری خۆرهەڵات نیوز لە بۆکان رایگەیاند: نووسەرانی بۆکان بە تەمان سبەینێ کاتژمێر 6ی ئێوارە کۆڕێکی تایبەت بۆ رێز گرتن لە هونەرمەندی نەتەوەیی قالەمەڕەی شمشاڵژەن پێك بێنن و بۆ ئەو مەبەستەش داوایان کردووە هەر کەسێك بابەتی بۆ ئەو بۆنەیە هەرە بابەتەکانیان لە فەرهەنگسەرای بۆکان تەحویل بدەن.

خەڵکی بۆکان چاوەڕوانی ئەوەن کۆڕی پرسەی مامە قالە کۆڕێکی تایبەت بێ و نارازین بەوەی لە پرسەی ئەو هونەرمەندە مەزنە دا تەنیا فاتیحا بخوێندرێتەوە و بەس.

**وێنه‌ و لافیته‌ی په‌یوه‌ندیدار به‌ رێوڕه‌سمی به‌ خاك سپاردنی قاله‌مه‌ڕه‌ به‌ فه‌رمانی ئیتلاعات له‌ ناوشاری بۆكان كۆ كرانه‌وه‌**

20:04:37

**خۆرهه‌ڵات نیوز:** به‌ ئه‌مری به‌رپرسانی ئیتلاعاتی بۆكان و به‌ تایبه‌ت حه‌سه‌ن عه‌بباسی فه‌رمانداری بۆكان سه‌رجه‌م ئه‌و وێنه‌ و لافیته‌ و نووسراوانه‌ی بۆ رێوڕه‌سمی به‌خاك سپاردنی هونه‌رمه‌ندی نه‌ته‌وه‌یی كورد، قاڵه‌مه‌ڕه‌، ئاماده‌ كرابوون شه‌وی رابردوو له‌ ناو شاری بۆكان كۆ كرانه‌وه‌.

هه‌واڵنێری خۆرهه‌ڵات نیوز له‌ شاری بۆكانه‌وه‌ رایگه‌یاند: پاش ئه‌وه‌ی هه‌واڵی كۆچی دوایی قاله‌ مه‌ڕه‌ له‌ ئاستی كوردستان و ده‌ره‌وه‌ كوردستان ده‌نگی داوه‌ و به‌ هه‌زاران كه‌س له‌ هه‌موو شاره‌كانی خۆرهه‌ڵاتی كوردستانه‌وه‌ له‌ مه‌راسیمی به‌خاكسپاردنیدا به‌شدار بوون هه‌روه‌ها میدیا و كه‌ناڵه‌ ته‌له‌فزیۆنییه‌كان و چاپه‌مه‌نییه‌كانی كوردستانی باشو ر و ئه‌ورووپا گرینگیان به‌و هه‌واڵه‌ دا و قالەمه‌ڕه‌ وه‌ك كه‌سایه‌تی نه‌ته‌وه‌یی و نیشتمانی و یادگاری كۆماری كوردستان و شۆڕشه‌كانی كورد ناسێندرایه‌وه‌ به‌رپرسانی ئیتلاعاتی بۆكان و له‌ سه‌رووو هه‌موویانه‌وه‌ سه‌رهه‌نگی پاستار حه‌سه‌نی عه‌باسی فه‌رمانداری بۆكان بڕیاری دا كه‌ هه‌موو وێنه‌ و نوسراوه‌كانی په‌یوه‌ندیدار به‌ مه‌راسیمی به‌خاكسپاردنی قاله‌ مه‌ڕه‌ له‌ سه‌ر دار ودیواری شارو شوێنه‌ گشتییه‌كانی شار لێ بكرێنه‌وه‌ و له‌ ترسی توڕه‌یی خه‌ڵكیش به‌ شه‌ودره‌نگان هه‌موو پوستێر و وێنه‌ و نوسراوه‌ی په‌یوه‌ندیدار به‌ مه‌اراسیمی به‌ڕێكردنی قالەمه‌ڕیان له‌ هه‌موو شوێنێكی شار لێكردوه‌.

به‌ پێی راپۆرتی هه‌واڵنێری خۆرهه‌ڵات نیوز، به‌ هۆی ئه‌وه‌ی حكومه‌ت ویستی ده‌ست به‌ سه‌ر مه‌راسیمی سه‌ره‌خۆشی قاله‌ مه‌ره‌ له‌ مزگه‌وتی گه‌وره‌ دابگرێ و شۆرای شاری بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ راسپێردرابوو خه‌ڵك به‌ نیشانه‌ی نارەزایه‌تی ئه‌مرۆ پێشوازییان له‌ كۆبوونه‌وه‌ی حكومه‌تی ئه‌وان نه‌كرد. ئه‌مه‌ له‌ كاتێكدایه‌ كه‌ دوێنێش به‌ هه‌زاران كه‌س له‌ خه‌ڵكی بۆكان و شاره‌كانی تر به‌ مه‌به‌ستی به‌شداری كردن له‌ كۆڕی پرسه‌ی قالەمه‌ڕه‌ دا سه‌ردانی مزگه‌وتی گه‌وره‌ی شاریان كردبوو

## The Kurdish artist Qale Mere left us

- KurdishMedia.com
- 23/05/2009 00:00:00

London (KurdishMedia.com) 22 May 2009: At the age of 84 and after a long battle with illness, the Kurdish artist Qale Mere left us on Thursday, the 21st of May 2009. Mere lived and left in the town of Bokan, which has been the source of creating Kurdish talents throughout history.

Qadiri Abdullahzada, known as Qale Mere, was an important record player whose art, unlike himself, left Kurdistan and known throughout the glob.

He was taken from Mizgawti Gewre mosque in Bokan to the Naleshkeni mount, according to his will, to be buried next to another great artist of Bokan Hesen Zirak. No dbout Qale Mere’s music will remain alive.


- KurdishMedia.com
- 23/05/2009 00:00:00

**ئاخۆ ئێمە زیندووکوژی مردووپەرەستین؟**

7:30:07

ئەو گەلەی رژابووە سەر شەقامەکانی بۆکان بۆ مردووپەرەستی نەهاتبوو، ئەو گەلە هاتبوو درك و داڵی ئەو جۆرە بیرۆکانە ڕامالێ. ئەو گەلە هاتبوو ئەو دەنگە مەزنە بەڕێ کات و ئەو خاکە بێدەنگەی پێ لە زایەڵە هەڵکێشێ. ئەو گەلە هاتبوو رێز و حورمەت لە کەسێك بگرێ کە هێمای شارێك و مۆسیقای میللەتێك بوو. زۆر بێئینسافییە ئەو شەپۆلە خۆشەویستییە بە مردووپەرەستی تەعبیر کرێ.

**دارا بێخەم:**

(وڵامێکی سەرپێیی بۆ ئەو شەکرەی "عەلی قادری" بەناو نوێنەری خەڵکی بۆکان(شوررای شار) لە کاتی ناشتنی (قالەمەڕە)دا شکاندی.)

لە کاتێکدا روژي هەيني 2009/5/22 بە هەزاران خەڵکی شار و شارۆچکە و گوندی کوردستان بۆ بەڕێ کردنی تەرمی پیرۆزی مامۆستا قالەمەڕە ڕژابوونە شاری بۆکانەوە و بەدرێژایی راستەشەقامی ئەو شارەدا ئەو کۆستە گەورەیەیان مانا دەکردەوە و تەرمی پیرۆزیان بە سەر شانانەوە بەرەو مەزاری حەسەن زیرەك دەبرد و بێدەنگی خاکیان پێدەشکاند، لە گەرووی بڵینگۆوە پڕ بەدەنگ ئەو رستەیە بیسترا:

بەداخەوە ئێمە زیندووکوژی مردووپەرەستین...*

بەر لەوەی بپەرژێینە سەر ئەم پرسیارە کە: زیندووکوژی چییە؟ بێگومان دەبێ بزانین ئاخۆ ئەو گەلەی هەناسە هەڵدەکێشێ و وەك هەموو گەلانی جیهان ئاوات و داخوازی خۆی هەیە، بە زیندوو دەژمێردرێ؟ ئاخۆ تا ئێستا کام تاکی ئەم نەتەوەیە بە زیندوو هاتوتە ئەژمار تا باس لە زیندوو کوژی بکرێ؟ لە قامووسی کام داگیرکەردا بوونی نەتەوەیەکیتر سەلمێنراوە تا باس لە کوژراني بکرێ؟ با واز لەم باسە بێنین چونکە ئەم هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێ. دەچمەوە سەر زیندووکوژیەکە. زیندووکوژی واتە ئەوەی کە تۆ تاك و تەریك بکرێییەوە و لە کەس و کار و گەلت دابرێی و کەس لات لێ نەکاتەوە. ئاخۆ کام هونەرمەندی کوردستان بەقەدەر قالەمەڕە لە نێو خەڵکدا بوو و کام هونەرمەندی کورد بەقەدەر قالەمەڕە لە لایەن خەڵکەوە رێزی دەگیرا؟ باوەڕ ناکەم تەنیا نەفەرێك هەبێت رۆژێك لە ڕۆژان بێحورمەتییەکی بە قالەمەڕە کردبێت. ئەوی لەدەستیشي هاتبێ بە پێیی خۆی یارمەتی داوە. من بە چاوی خۆم دیومە نێزیکەی هەزار نەفەری نێو تەلاری زانستگای تاران چۆن کاتێك وەزیر و نوێنەری شێکپۆشي ئەم شار و ئەو شار بە دەیان دەست و پێوەندەوە دەهاتن متەقیان نەدەهات و چۆن کاتێك قالەمەڕە بە خۆی و شمشاڵەکەیەوە هات سەرپاکی قرچە پێ هەستان و هەتا شل بوون چەپڵەیان لێدا. ئەوە کوێی زیندوو کوژییە کاکە؟ رەنگە هەر مەبەستت پارووی چەور بێت؟ کە وایە سەلا لە عەقڵی هەموو ئەو کەسانەی وا بیردەکەنەوە. لە هەموو شتێکیش بەدەر قالەمەڕە خۆی هەمیشە لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە چیت لە خەڵك دەوێ؟ گوتوویە هیچ. دایمە لە خەڵك رازی بووە. لە کوي بیستووتە قالەمەرە قەت گلەییەك لە خەلك بکا؟ ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی خۆی چونکە ئەو قەت داوای لە هیچ کەسێك نەکردووە و قەت چاوەڕوانی لەکەس نەبووە، ئەوەش ببوە هۆی بە ئازاد ژیانی. قالەمەڕە بێدەنگێکی لێوانلێوی دەنگ بوو، بەدەگمەن دەدوا، بەچاوە ئاوتێزاوەکەی لە دەور و پشتی دەڕوانی و خەون و خەیاڵاتی خۆی دەڕژاندە گەرووی شمشاڵەکەیەوە و بە گوێیی زەمانی دادەدا، ئیتر وەك مەمانان شەو و رۆژی بە باس و خواسي ئەم و ئەوەوە تێنەدەپەڕی، مرۆیەکی بێدەنگی لێوانلێوی دەنگ بوو، قسە نەبوو کردەوە بوو، بۆیە قەت بێحورمەتی بەکەس نەکرد و کەسیش بێڕێزی پێنەکرد. رەنگە کاك عەلی پێی وابێت چونکە قالەمەڕە لە کۆڵان و

شەقامەکانی بۆکاندا شمشاڵی لێدەدا ئەوە زیندووکوژییە! دەبێ هەموو کەس بزانن ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە تا سەر ئێسقان هەڵەیە و بە پێچەوانەوە ئەوە بووژانەوە و ژیانەوەیە. ئەو کۆڵان و شەقامە پیرۆزانە قالەمەڕەیان بردە ناخی خەڵکەوە. ئەو کۆڵان و شەقامە پیرۆزانە ئەو رۆحە گەورەیەیان پێگەیاند. ئەوە سەرەکیترین رازی مانەوەی قالەمەڕەیە، پاش هونەرەکەی، لە دڵی خەڵکدا. قالەمەڕە بە دەیانجار دەریبڕیوە کە بە ملوێنان پووڵ نادا بەو دە تمەن و بیستمەنەی لە سەر شەقام خەڵك لە کۆشي دەنێ. ئەوەیە فەلسەفەی ژیان و مانی قالەمەڕە. قالەمەڕە بۆ شمشاڵ و بۆ خەڵك دەژیا بۆیە تا هەتا لە شمشاڵ و لە خەڵك دانەبڕا. دڵنیاشم ئەگەر دەیان کۆشك و تەلاری بدرایەتێ لەوەی تێنەدەپەڕاند. چونکە قالەمەڕە بە لووتکە گەیشتبوو و ئیتر دوای لووتکە بۆشاییە. من دڵنیام ئەگەر قالەمەڕە جۆرێکیتر ژیابا قەت نەدەبوو بەو کەسایەتییە.
بۆ نموونە بچۆ لە هەزار پیاوی ئیسفەهان بپرسە بزانە چەندیان مامۆستا حەسەن کەسایی، گەورەترین نەیژەنی ئێران دەناسن؟ ئینجا وەرە و هەموو منداڵانی بۆکان ریز کە و سۆزی شمشاڵێکیان بە گوێ دادە، کە هی کەسێکیتریش بێت، بزانە هەموو دەڵێن قالەمەڕەیە یان نا؟ ئەوە هێمای لە ناو خەڵکدا بوونە، ئەوە دروشمی مانەوەیە.
بەڵام مردووپەرەستی:
بەر لە هەمووشت ئەگەر کۆچکردوویەك بە زیندوویی رێزی لێگیرابێت باسی مردووپەرەستی بێمانەیە.
دیارە لە سەرەوە ئەم رێز لێگیرانەم تا رادەیەك نواند، کە وایە ئەم باسەی پێناوێ، کورتەیەك نەبێت:
جارێ هەر لە هەوەڵەوە ئەوە بگوترێ کە لە وڵاتی داگیرکراوی ئێمەدا مەگەر کەس هەیە بوێرێ زیندوو بپەرەستێ؟!
زۆر سەیرە پیاو تا ئەو رادەیە کەم سەرنج و بیرنەکەرەوە بێت کە ئەو شەپۆلی خۆشەویستییەی خەڵکی کوردستان بە مردووپەرەستی لەقەڵەم بدات؟! ئەو گەلەی رژابووە سەر شەقامەکانی بۆکان بۆ مردووپەرەستی نەهاتبوو، ئەو گەلە هاتبوو دەرك و داڵی ئەو جۆرە بیرۆکانە رامالێ. ئەو گەلە هاتبوو ئەو دەنگە مەزنە بەرێ کات و ئەو خاکە بێدەنگەی پێ لە زایەڵە هەڵکێشێ. ئەو گەلە هاتبوو رێز و حورمەت لە کەسێك بگرێ کە هێمای شارێك و مۆسیقای میللەتێك بوو. زۆر بێئینسافییە ئەو شەپۆلە خۆشەویستییە بە مردووپەرەستی تەعبیر کرێ.
لە کۆتاییدا ئەوەش بڵێم قالەمەڕە لە دڵی خەڵکی کوردستاندا هەر دەژی ئیتر تا ژیان هەیە باسي مردوو بێمانایە.
لە ئەنجامدا چەند پێشنیارێکم هەیە بۆ کاك عەلی و بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی وەك ئەو بیر دەکەنەوە:
ئێوەی کە بە حیسابی خۆتان زیندووکوژیتان کردووە، ئەوەی بۆ بەرێکردنی قالەمەڕە کرا ئێمە بەخۆشەویستی دەزانین ئەگەر ئێوەش هەر تامەزروي مردووپەرەستین ئەوە من چەن پێشنیارێکتان پێدەکەم کە هەر چەند رواڵەتەن لە مردووپەرەستی دەچێ بەڵام پێموایە لە جۆرە پیرۆزەکەیەتی و هیچ تانەیەك ناگرێتە خۆ:
- هونەرمەندێکم پێ شك دێ کۆتەڵێکی جوانی بۆ قالەمەڕە ساز کردووە. تۆسقاڵێ لەو پارەیەی بۆ قالەمەڕە مانای نەبوو بدەن بەو هونەرمەندە لە بری زەحمەتەکەي. لێی بکڕن و لە پاڵ گۆڕەکەي بیچەقێنن.(ئەگەر روحمتان تلیساوە پەیامێك دانێن پێتان بڵێم چ بکەن)
- حەول بدەن مووچەیەکی مانگانە بۆ دوو کوڕە سەغیر و دایکە تەنیاکەیان ببڕدرێتەوە.(دڵنیام ئەگەر ئەو مانگانەیە لە بوودجەي بۆکانیش بڕ درێ ناڕەزایي هیچ کەسێکی لێ ناکەوێتەوە)
- کار و پیشەیەك بۆ مناڵەکانی بدۆزنەوە.

---

* بە داخەوە لە مەراسمی پرسەشدا ئەم رستە دزێوە لە لایەن چەند شاعیری کورتە باڵاوە دووپات کرایەوە.

## ئیمپراتۆری شمشاڵ

2009 05 27 - 21:23



ڕەسول سوڵتانی

موسیقا بەشێکی گرینگە لە شوناسی هەر نەتەوەیەك. موسیقا زمانی دەربڕینی ئەو بەشە لە ویستە دەروونیەکانی مرۆڤە کە بە زمانو وشەو لە چوارچێوەی وتەدا بەیان ناکرێ. موسیقا نووسینەوەی ئازارەکانی رۆحو زمانی زوڵاڵی شادیو خەمەکانی مرڤە.

کوردیش وەکوو هەر نەتەوەیەك لە نەتەوەکانی جیهان خاوەنی مۆسیقای تایبەت بەخۆیەتی. مۆسیقایەك کە بە درێژایی مێژووی بوونی ئەو نەتەوەیە، هاودەمی رۆحو دەروونی بووە .

یەکێ لەو ئامێرە موسیقایانەی کە مۆرکێکی تەواو کوردانەی پێوە دیارە شمشاڵە. ئێمە گەلێك موسیقارو هونەرمەندمان بوون کە شارەزای ئاوازە فولکلۆرییەکان بوونو مخابن بە نەناسراویو ناوبزری، بە بێ ئەوەی دەنگو شوێنەوارێکیان لێ بەجێمابێ سەریان ناوەتەوە. شمشاڵ ئەو ئامێرە رەسەنەیە کە بە تەواوەتی لەگەڵا رۆحی کورد ئاشنایە. لەبەر ئەوەی هاودەمی سەردەمی کۆچەرێتیو ژیانی شوانکارەیی کورد بووەو هەتا ئێستاش قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵامان هاتووەو ئۆحژنی بە دڵەکان بەخشیوە. کاتێ باس لە شمشاڵ دەکرێ بڵێیو نەڵێی یەکسەر دوو هونەرمەندی شمشاڵژەنی کوردمان وەبیر دێتەوە. یەکێکیان دەروێش عەبدوڵایە کە ئەگەر گۆران لە شێعرە بەناوبانگەکەی دا باسی نەکربایە ئەویش وەکوو زۆرێك لە هونەرمەندە بەهرەدارە هەناسەساردەکانمان سەری دەنایەوە، ئەوی دیکەش قادری عەبدوڵازادە ناسراو بە قالەمەڕەیە.

ناوی قالەمەڕە بۆ هەموو کوردێك ناوێکی ئاشنایە. شمشاڵی مامەقالە دەنگی شیوەنی عەبدولعەزیزی داسنیو هەنیسکی دەمی ئاویلکەدانی سەیدەوانو لاواندنەوەی خەجی نازشێواو و زریکەی برینەکانی سیامەندو سکاڵاکانی شۆڕەمەحموودو مەرزینگانو شینگێڕییەکانی ئەستیو بوغدانو نرکەی رەوەزو چیا سەربەتەمەکانی کوردستانە. دەنگی شمشاڵی قالەمەڕە ئاهەنگی بەسۆزی لەشکریو ئازیزەو پایزەو سوارۆو شینی هەزاران گراویی بێ سەروشوێنی نێو چڕودۆڵەکانی مێژوویە .

ئەو دەمەی عەبدولعەزیزی داسنی شینی سێ کوڕان دەگێڕێ:
ئەستێرەیەك هەڵدێ بەری بەیانی...

ئەی سەڵا لە عەبدولعەزیزە کوێرەکەی بابی سەیدەوانی
ئەیڕۆ رۆڵە رۆ لەسەر رۆیە

لە دەروونی من هەڵدەستێتەوە بڵێسەو بۆسۆیە
ئەمن نازانم نە بەدبەختیی منە سەیدەوان نە نەدامەتیی تۆیە

ئاوی کوێستانان دێنە خوارێ بە توندی هەر بە تیژی
هەڵدەڕژێنە سەر سوورەگوڵی سەر بە گژنیژی

وەرن تۆخواکەی خزمینە
کێ دیوێتی لە دەورەتی لە زەمانان

لەسەر سێ کوڕان ڕا بووك بچنەوە ماڵی باوانیان بە تارای سوورو هەر بە کیژی...

لەو دەمەی دا کە هیچ هێزێك ئاگری بە لرفەی خەمی عەبدولعەزیز دانامرکێنێ پشووی سێحراویی مامەقالە بە هەناوی کون کونی شمشاڵ دا دەست دەکەنە ئەستۆی ئازارەکانیو خەمەکانی لەگەڵا دابەش دەکەن. مامە قالە شمشاڵژەنی بە ناوبانگی نەتەوەی کورد کە زیاتر لە 70 ساڵا لە تەمەنی خۆی لەگەڵا شمشاڵەکەی دا تێپەڕ کرد لە راستی دا شمشاڵەکەی ببووە بەشێك لە ژیانی .

ئەوانەی هۆگری بەیتو حەیرانەکانو شارەزاییەکیان لە ئاوازەکانی ئەو بەشە لە ئەدەبی فۆلکلۆریی کورد هەیە، باش دەزانن کە هەر بەیتەی ئاوازی تایبەت بە خۆی هەیەو جار هەیە لاوکێك یا بەیتێك بە چەند ئاواز گوتراونەوە، بە تێگەیشتن لەو لایەنەی بەیتو حەیران باشتر دەزانین کە وەستایەتیو شارەزایی قالەمەڕە زیاترە لەوەی لە وتارێکو بەرنامەیەك دا باسی بکرێ چونکی ئەو شارەزای تەواوی ئەو ئاوازانە بوو ئەوە لەحاڵێکدایە کە قالەمەڕە نەخوێندەوارو بەبێ مامۆستاو راهێنەر فێری ئەو هونەرە مەزنە ببوو. هەر بۆیە شیاوی ئەوەیە کە شارەزایانو پسپۆڕانی بواری موزیکی کوردی بە وردی لەسەری بدوێن.

قالەمەڕەی شمشاڵژەن لەو ساڵانەی دوایی دا، لە زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوە رووناکبیریو ئەدەبیەکاندا، کە لە لایەن خوێندکارانی زانکۆکانو ئەنجومەنە ئەدەبیەکانەوە پێکدەهات لەسەر بانگهێشتی بەرپرسانی ئەو کۆڕوکۆبوونەوانە بەشدار دەبوو.

بە گشتی شمشاڵەکەی قالەمەڕە حەقایەتی چیرۆکە بەژانەکانی مرۆڤە .تەعبیری ئەو خەونانەیە کە مرۆڤی کورد بەردەوام لەگەڵیان دەژی .لە شمشاڵی قالەمەڕدا وشە کەوشەنی زمان بەجێدێڵێ.

رەسەنایەتیی دەنگی شمشاڵەکەی قالەمەڕە رۆحێکی هەمیشەزیندووی نێو دنیای هونەرەو ئەو رەسەنایەتییە هەتا ئەو جێگەیەیە کە تەنانەت لەسەردەمی ئێستاش کە بە قۆناغی پاش مۆدێرنە ناسراوە نەك لە برەو نەکەوتووە بەڵکو هەروا ئۆخژنبەخشی دڵەکانە .

بۆ قالەمەڕە"
رەسول سوڵتانی
لەخەو رابوون کەژو کۆ لەگەل هاواری شمشال
سروودی دەشت و کۆ بوو رژا لە زاری شمشال

خەمی حەیران و بەیتی گەلێکی گرتە ئەستۆ
شەپۆل ئەدا شەوو رۆژ چەمی ئازاری شمشال

لەگەل نووزەی بەسۆزی خەج و سیامەندی زامار
بەرێژنە ئەشکی لێلی لە چاو ئەباری شمشال

بوغدان و ئەستی شینی کاکەمیر و کاکە شێخ
دەڕێژنە نێو هەناوی رەش و زاماری شمشال

لەگەل عەبولعەزیزی خەمینی کوڕ لەدەست چوو
دەگێڕێ شین و دەگری دڵی نزاری شمشال

هەوای لاوك و بەیتی خەزال و ئەی رەقیبە
کاروانی دل ئەکێشێ بەرەو هەواری شمشال

ئەوی لەگەل خەم و ژان بە حاستەم ئاشنا بێ
چرۆی خەمی دەپشکوێ بە نارەناری شمشال

ئامێرەکانی موزیك چاویان لە دەستی تۆیە
لە نیشتمانی دەنگا سەرۆك کۆماری شمشال

دەستت ئەخەیتە ئەستۆی کچی حەیرانو لێلێ
خۆشی لە خۆت کە دۆستی کەژ و کۆساری شمشال

ئەگەر نەبایە پەنجەی بەهەستی مامە قالە
بێبەش دەبووین لە بۆن و بەرامی داری شمشال

هاوینی 82 بۆکان

## ئەفسانەی یۆنانی

## بۆ قالەمەڕە

رەحیم بەهرامزادە

کاتێ ئاتێنای خواژن لە دارستانێکا دەخولایەوە چاوی بە دوو کوت ئێسک کەوت. ئەو هەر دو ئێسکەکەی هەڵگرەتەوە و چەند کونی تێکردن و کردنی بە دووزەلەیەک. خواژن لە دووزەلەی توڕاند و چێژی لە موسیقا برد. کاتێ خواکانی تر لە کێوی ئولەمپ پێتەختی خودایان کۆ بوونەوە، ئاتێنا دووزەلەی بۆ لێدان. خواژنەکانی تر دەستیان بە سرتە لەگەڵ یەک کرد و بە ئاتێنا پێکەنین.
ئاتێنا تاقە خوایەک بوو کە وەک ئەوانی تر لە خۆبایی نەبوو و شەرمی لە خۆی ئەکرد. پاش ئەوەی لە ئولەمپ هاتە خوارەوە، چووە سەر رووبارێکی روون و دەستی بە دووزەلە ژەنین کرد. گووپی هەڵماساو و چاوی زەقی خۆی لە ئاوێنەی ئاودا بینی. ئاتێنا زۆری شەرم لە خۆی کرد و دووزەلەی فڕێدا و بە نەحلەتی کرد. هەژارێک بە وێدا تێپەڕی و پێی لە دووزەلە نا. هەژار دووزەلەی هەڵگرتەوە و فووی پێداکرد. دەنگی سێحراوی موسیقا سەرخۆش و خولیای کرد. کاتێ ئەو هەژارە موسیقای بۆ خەڵکی لێ ئەدا زۆریان تاریف دەکرد و پێیاندا هەڵدەکووت. هونەرمەند لە خۆبایی بوو و ئەو کفرەی خەڵک خستبوویانە سەر زاری بەردەوام دووپات دەکردەوە و دەیگوت من موسیقا لە ئاپۆلۆ باشتر لێئەدەم. ئاپۆلۆ

گرێوی لەگەڵ کرد و چەند شەیدایەکی هونەر و زانستی کرد بە شایەت و داوەر و گوتی ئەگەر دۆڕاندت ئەوە چ بەڵایەکی پێم خۆش بێ بەسەرت دێنم. هەژار بە خوای دۆڕاند. خوا ئەو هونەرمەندە لە خۆباییەی بە سنگێک بە دارێکدا هەڵواسی. هونەرمەندی هەژار دەیناڵاند و دەگریا. شایەتەکان ئەمەشیان بە ئاوازێکی بەسۆز زانی و ئیتر مرۆڤ فێری گۆرانی بوو.
لەو کاتەوە زۆر هونەرمەند پێیان لەو کوتە ئێسقانانە ناوە و مەحکومن بەوەی ئاتێنا خۆی لێ پاراست و بە شورەیی زانی. لە لایەکەوە خەڵکی ئاسایی و بێگانە لە هونەر، چێژ لە هونەری هونەرمەندی دیل دەبەن، هاوکات هونەرمەندیش بە سووک دەزانن. هونەرمەندیش لە نێوان دنیای نان کە بە دەست نەزانەوەیە و دنیای خودایانی بێنیازی هونەردا دێت و دەچێ.

قالە مەڕە تاقە یەک کوت لەو ئێسقانە بەنەحلەت کراوەی پێبڕا. خودا ئەو کوتە ئێسکەی بۆ کرد بە مس. ئێسک نە بەرگەی دەستی قەڵشاوی شوانی کورد دەگرێت، نە ئاگری بتاوێنی لاوک و حەیرانی ئەم گەلە. کام ئێسک بەرگەی هاواری ئەو رۆڵە رۆیە دەگرێ، کە بە هەزاران جار، ئاهەنگ و شێوە بە گەرووی شمشاڵێ ئەو شاعیرە ئاسمانییەی کورددا هاتەدەر و هەتا هەتایە لە چیا و دۆڵی وڵاتە وێرانەکەیدا دەنگ دەداتەوە. خودای هونەر شمشاڵکەی قالەی مەڕەی کرد بە سنگ و ئەو هونەرمەندەی کە قەت تاریفی خۆی نەکردبوو و لە خۆبایی نەبوو لە دارستانی کوردەواریدا بە داربەڕوویەکدا هەڵواسی و هەتا ئەبەد کورد بە دەنگی هاواری پڕسۆزی ئەو رادەچڵەکێ و دەلاوێتەوە.
قالەمەڕە قسەی زلی نەکرد، بەڵکوو ئەوەی لە دەستی هات بۆ خۆی و گەلەکەی بە جێی هێنا. بریا ئێمەش هەموومان وازمان لەو کارانە بێنایە کە پێمان ناکرێ و بەوانەوە بنووسایەین کە لە دەستمان دێ!

یادی پێرۆز بێ و هونەرکەی هەر لە دڵماندا بێ!

**پەیامبەرێک کە بەردەباران نەکرا**

برایم فەرشی

ژمارەی ئەو کەسانەی ئەمڕۆ پێنجشەممە 31ی بانەمەڕی ساڵی 2709 (21.05.2009) هەتا سەعات دەی شەو بە کاتی گرنویچ، لە سەر گۆی زەوی دوا هەناسەکانی ژیانیان کۆتایی پێ هاتووە، دەگاتە سەدوپەنجاو نۆهەزار نۆسەدوهەژدە(159918 )[i] کەس. ناوی یەکێک لەو کەسانە قادر عەبدوڵازادە یە.

ئەو کۆتایی بە چاوەڕوانی 40 ملیۆن لە هاووڵاتیانی خۆی هێناو لە شارێک بە ناوی بۆکان و لە وڵاتێک بە ناوی ئێران بۆ هەمیشە سەری نایەوە.

لە رۆژی هەینی یەکی جۆزەردانی ساڵی 2709وە، ئیدی کەسێک بە ناوی قالە مەڕە، لە خەیابانی کۆنەی شار، لە قوژبنێک دانانیشێ و لە قوڵی کەواکەی لولە ئاسنێکی کون کونکراو بە ناوی شمشاڵ دەرناکێشێ و تێناتوڕێنێ و بە وتەی خۆی "مێشکی سەری عالەم نابا[ii]". ئیدی لە ئاسمانەوە دەتمەنی دڕاو بە سەریدا نابارێ و مەئمورانی شارەوانیش بە تاوانی "سەدی مەعبەر[iii]" بەربینگی پێ ناگرن.

ئەوەی ئەو لە پاش خۆی بە جێی هێشتووە، کۆمەڵێک پرسیاری بێ وەڵام و دنیایەک بیرەوەری و دەستمایەی بە سەراهەڵگوتنە، کە هەر لە یەکەم ساتەکانی پاش مەرگییەوە دەستی پێکردووە و زنجیرە پرۆگرامەکانی دەنگ و ڕەنگیش بەدوایدا دێن.
سەیر نییە دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامی[iv] و کاندیدەکانی سەرۆککۆماری ئێرانیش باسی ئەو "پەیامبەرە" بێ نازەی کورد بکەن، پەیامبەرێک کە وەک زەردەشت بەردەباران نەکرا، بەڵام لە ئامێزیش نەگیرا.

---

[i] -http://www.worldometers.info /

[ii] - وتووێژ لە گەڵ م. رەمەزانی

[iii] - هەمان سەرچاوە

[iv] - هەمان سیاسەت دەرحەق بە حەسەن زیرەک لە لایەن دەزگاکانی رژیمی پەهلەویەوە ڕەچاو کرا.